# کولتووری دێرین



هیاس محمود کاکەیی

**کورتە**

ریبازی بەکتاشی لە وڵاتی عوسمانی لە ناوچەی ئەنادۆڵ لە نێو خیڵە تورکمانە چینییەکان سەری هەڵدا، بە سەر پەرشتی حاج بەکتاش وەلی خۆراسانییەوە، پاش ئەوە خاوەنی ئەو ڕیبازە ( باباسولتان ) لە ناوچەکە هەبوو و داوا ی پیغەمبەری کردووە و دژ بە سەلجوقییەکان راپەری، لە ئەنجام لە سێدارە درا، حاج بەکتاش بوو بە جیگری و سەروکی (بابابییەکان). ئەو لایەنگرانەی بابابییەکان کە رزگاریان بوو لە کوشتن، دەچنە ریزی بزوتنەوەکەی حاج بەکتاشەوە ( داقوقی لا٢٧٢).

سەرکردەی حروفییەکان (فزالله الحروفی ئەستەرئابادی )لە ئێران لە ساڵی ١٣٩٦ز. لە سێدارە دەدریت و لایەنگرانی بەر سەرکوتک کردن دەبن، پاشان لەگەل بەکتاشییەکان لە سەدەی ( ١١ز) یەک دەگرن. ئەم ریبازانە لە رووی کولتوورییەوە سیمای هەرە کۆنەکانی تورکی پاراستووە کە بە لە ئیسلام هەبوون ، هەر چۆن لە ناو کوردیشدا شێوەی هەندێ رەگەزی میترایی و زەردەشتی لە ناو خۆدا پڕ کردووتەوە ( فەلەکەدین کاکەیی لا١٦٩).

بەکتاشییەکان لە سەرەتای سەردەمی عوسمانییەکان کەوتنە بەر شاڵاوی زوڵم زۆر، بەتایبەت پاش سەرکوتکردنی شۆرشی ئینکشارییەکان ، بەهۆی ئەوەی یارمەتیدەری ئینکشارییەکان بوونە ( داقوقی لا٢٨٣)، جاریکی تر کەوتنە بەر گوشار و کۆمەڵ کوژی توند بەتایبەت لە سەردەمی سولتان سەلیم (١٥١٢ – ١٥٢٠ز) بە تومەتی ئەوەی یارمەتی و لایەنگری سەفەوییەکان بوونە ، کە زوڵم زۆری زۆریان بەر دەکەوێت و تەکیەو مەزارەکانیان قەدەغە دەکرێت. لە سەردەمی ولاتی تورکیا دا جاریکی تر دەکەونە بەر کۆمەڵ کوژی و تالان کردن دەربەدەری، بەتایبەت پاش کۆتایی هاتنی شۆرشی سەید رەزای دەرسیمی لە سالی ١٩٣٧ز.

لە کۆتایی سەدی بیستەم زەرەرو زوڵمی زوریان لێکراوە، پاش ئەو جموجۆلەی کردیان لە داواکردنی مافەکانیان. بەکتاشییەکان سنەوری تورکیای بەزانوە بۆ ئەلبانیا، کاجاغستان ، مەجەرستان ، میسر ، بەلقان ،و دەشتەکانی لائەرنائۆڵد ی ئەلبانیا (ئیڤانۆڤلا١١) ،هەوەها ئێران و عیراق و وڵاتی شام و چین و ئەمریکا (ویکپیدیا) و لە هیندستان و پاکستان و ئەفغانستان..تاد.

**بەکتاشییەکان**

## پیشەکی

بەهاتنی سوپای عەرەب و ئیسلام بۆ ڕۆژ هەڵاتی ناوەڕاست بەناوی فتوحاتەوە و سەپاندنی کولتوورو باج و سەرانە بەسەر دانیشتواندا، بووە هۆی نارەزایی و سەرهەڵدانی جۆرەها بزوتنەوە و شۆرش دژ بەو داگیرکارییە، کە زۆربەیان بە زەبرو زەنگ دادەمرکان.

بزوتنەوە ئایینیەکان ناچاربوونە بچنە نێو دونیای سوفیگەرییەوە کە لە ئایینی ئیسلامەتیدا قبوڵ کراو بووە، و بوەتە بنەرەتی بەردەوامی هەموو ڕیبازەکان و ئایینەکانی غەیرە ئیسلام، لە ژێر باری نهینیدا، زیندو بوونەوەی ڕیبازەکان هۆکارەکەی سۆفیگەرییە، ( ئۆشۆلا١٠)، کە سۆفی دەڵێت خوا ئەندیشە نییە و واقعیەتی ژیان ( ئۆشۆلا ٢١)، سوفیگەری بە پێی بۆچوونی ( مایستەر ئیگهارت ) هیچ کۆسپیک لە ریگەی گەیشتن و یەککرتن لەگەل خودادا نییە تەنها زەمەن نەبێت، کە زەمەنی نەفسی و زەمەنی ڕەها ئاویتە و تێکەڵی یەک دەبن ( محەمەد سلیمان عەباس لا٨٠).

لەڕیی ئەو ڕیبازانەوە کۆمەڵگا کان توانیان کولتووری دیرینی خویان ببوژیننەوە ئەگەر هەندێ موتربەی بیرو باوەری ئیسلامیشی لەگەڵدایە. لەگەل دەرکەوتنی سولتان ئیسحاقی عەلەوی بەرزنجی، دوو بزافی بەناو بانگی توندڕەو لە ڕۆژ ئاوای ئێران و سەر زەمینی ئەنادۆڵ ( تورکیای عوسمانی ) دا دروست بوون و پەرەیان سەند یەکیکیان بەکتاشی و ئەوی تر حروفییە ( سولتانی لا١٢٧).

ریبازی بەکتاشی بە سەرپەرشتی حاج بەکتاش وەلی خۆراسانی بووە، هەر بە ناوی خۆشیەوە بە ناوبانگ بوو، هەرچەندە پیشتر کەسیک بەناوی ( بابا ئیسحاق ) لە ئەنادۆڵ بوونی هەبووە، کە پاشان لە ناو براو سەرکوت کرا، بە هۆی ئەو شۆرشەی بەر پاکرد دژ بە سەلجۆقییەکان لە ساڵی ١٢٤٠ز.دا گرتیان و لە سیدارەیان دا، پاشان حاج بەکتاش بو بە سەرۆکی (باباییەکان) و ئەوانەی لە کۆمەڵ کوژی رزگاریان بوو پاش نەمانی بابا ئیسحاق چوونە ریزی بزوتنەوەکەی حاج بەکتاشەوە (داقوقی لا٢٧٢).دامەزرینەری ڕاستەقینە ( بالم بابا )بوو کە ساڵی ٩٢٢ک مردووە و دەرویشە بەکتاشییەکان ناوی دەبەن بە قوتبی دووەم ( شەکیب ئرسەلان )( لە فەیس بوکی عادل کاکەیی ). بابا بالم پەرەی پێداوە و ریکیخستووتەوە ( ویکیپیدیا). ژیلەمۆی ئەم بزوتنەوەیە پیویستی بە کەسیک بوو لە دەرفەتیکدا دەستی تێ وەردا و گڕبگرێت، ئەو کەسە حاج بەکتاش بوو ، کە بووە میراتگری بابا ئیسحاق لە بوژانەوەی ریبازەکە بە ناوی خۆیەوە.

حروفییە ڕیبازیکی شیعی فارسی بوو و کاریگەری سۆفیگەری ئیسماعیلی لە سەر بوو (ویکیپیدیا)، دامەزرینەری حروفییە ( فزل الله ئەستەر ئابادی ) بوو لە ساڵی (١٣٢٩ – ١٣٩٣ز.) کە لە ساڵی ( ٨٠٠ک/ ١٣٩٦ز) لە لایەن میرانشای کوڕی تەیمور لە سیدارە درا( ئیڤانۆڤ لا٩٧).فزل الله حروفی ریزی تایبەتی هەبوو لای بەکتاشییەکان ( سولتانی لا١٢٨).

حروفییەکان لە ئێران ڕوو بە ڕووی سەرکوتکردن بوونەوە و کۆچیان کرد بۆ ئەنادۆڵ و ڕۆم وەک پەناگەیەک، پاشان خزانە ناو بەکتاشییەوە و یەکیان گرت لە سەدەی ( ٩ک/١١ز)



له لایەن عەلی الاعلا کە یەکێک بوو لە قوتابیەکانی فزل اللای حروفی، دەستیان لە زمانی فارسی هەڵگرت  و زمانی تورکیان هەڵبژارد( هەمان سەرچاوەی پیشوو). لە سەردەمی عوسمانییەکان بەکتاشی وەک گورەترین ڕیباز خۆی دەنواند  سەرە ڕای ئەو ڕیبازانەش کە هەبوون هاوشێوەی بەکتاشی بوون لە بیرو باوەڕ( ئیڤانۆڤ لا١١).

لە سەرەتاوە دەسەڵاتدارانی عوسمانی  بایەخیان پێ دەدان چونکە ڕۆڵێکی گەرەیان هەبوو لە نێو سوپای ئینکشاری عوسمانی، بە لیدانی ئینکشارییەکان  بەکتاشییەکان پەیوەندیان باش بوو لەگەڵ دەسەلاتدارانی عوسمانی سوننەی حەنەفی، ئینکشارییەکان (یەنی چری = سوپای تازە) پیکهاتبوون لە سەردەمی عوسمانییەکان  لە گەنجە مەسیحییەکان کە دەیانکردەنە ئیسلام ، ئەوانیش دەبوونە بەکتاشی ( گ.ز. ع. د. ک. لا٤٤٥). لە بزوتنەوەکانی ئینکشارییەکان گوایە بەکتاشییەکان ریککەوتن هەبووە لەنیوانیان ، بۆیە سولتان مەحمود ی دووەم لە سالی ( ١٨٠٨ – ١٨٣٩ز) فەرمانی داوە هەموو تەکیەکانیان دابخرین پاش سەرکوت کردنی ئینکشارییەکان لە سالی ١٨٢٦ز.دا و زۆریشیان لی کوشتن و دوور خستنەوە لە شیخەکانیان وەک شیخی تەکییەی (مردون کۆی) ( ویکیپیدیا – الموسوعه الحره ). ئەو ئینکشاریانە دووەم سولتانی عوسمانی ( ئۆرخان ) دروستی کردن لە سالّی ( ١٣٢٦- ١٣٥٩.)( ئەدموندز لا٢٣٩)،  کە پاش پەیوەندی فەرهەنکی تورکیا بە ئەورووپاوە ، تەکیە و خانەقاکانیان داخران و کاریگەریەکی بەر چاوی لە باقی ولاتانی ئیسلامیدا نەبوو ( سولتانی لا١٣١) لە سەردەمی دەوڵەتی عوسمانی و لە سەرەتای دەوڵەتی کەمال ئەتاتورک تەواوی تەکیە و جەمخانەکانیان داخستبوون ( فلک دین کاکەیی لا١٧٤).

**حاج بەکتاش وەلی و بەکتاشییەکان**

حاج بەکتاش وەلی خوراسانی لە دایک بووی ساڵی ( ١٢٠٩ز.)یە ( ولایەت نامە لا٢٩)، کەچی هەندێ نووسەر لە دایک بووی بۆ ساڵی ( ١٢٤٠ز.) دەگەرێننەوە ( السراف٢١٢)، رەگەزی دەگەریتەوە بۆ نەوەکانی ئیمامی عەلی ( ر.خ)(هەمان سەرچاوە )، حاج بەکتاش فارسی بوو بەڵام رەگەزی تورکی بوو ، خویندنی لە قوتابخانەی تورکمانستان خویندووە کە سەر بە ماموستا ئەحمەد یوسفی بوو خاوەن ریبازی یوسفییە ( ویکیپیدیا – الموسوعە الحرە ).

چوار ساڵ شاگردی لوقمان برندە بوو ، کە یەکێکە لە خەلیفەکانی ( ئەحمەد بسوی )، زانستی زاهیر و باتنی دەخویند لەسەر دەستی لوقمان برندە ، ( ویکیپیدیا )، چل ساڵ شەو ورۆژ نوێژ و رۆژووی گرتووە و هەر خەریکی خواپەرستی بووە ( ولایەتنامە لا٣٢). حاج بەکتاش ناوی ( محەمەدە ) ، هەندی سەرچاوە بە حاج بەکتاش وەلی ناوی دەبات، واتە ووشەی بەکتاش ناز ناوە ( ولایەتنامە لا٣٠)، ناوی تەواوی ئیبراهیم کوڕی موسای خۆراسانییە خەڵکی نیسابور بوو، (تاهری لا٨١) ، بە پێی هەندێ کەرامات ماموستاکەی لوقمان برندە نازناوی ( هونکار – خاوەنکار ) پێ بەخشیوە، واتە حوکم ڕان ، پاشا ، سەلتان (ولایەتنامە لا٣٠)، زۆر ناز ناوی تریش پێی بەخشراوە ، جگە لە خۆراسانی کە خۆی خەڵکی ئەوی بووە و لەوێ لە دیک بووە ( ولایەتنامەلا٣١)،حاج بەکتاش وەلی سۆفیەکی موسلمان و ئیمامی سۆفییەکان بووە لە سەدەی ( ١١ک.) ، ریبازەکەی شەریعەتی ئیسلامی رەد دەکاتەوە ، بڕوای بە دۆنای دۆن هەیە ، لە بناغەدا کۆمەڵێک دەروێش بوون حاج بەکتاش هێنانی بوون لە سالی ( ١١٥٧ک) لە ئەنادۆل لە نیوەی سەدەی ( ١٢) جیگیر بوون لە (کرمشەهر) ( ئەدموندز لا٢٣٩)، دامەزرینەری بزوتنەوەی بەکتاشی بوو، ریبازی بەکتاشی لە ئەنادۆل پەرەی پیداوە لە سەدەی حەوتی کۆچی پاشان لە ئەلبانیا ( ویکپیدیا)، حاج بەکتاش بە باوکی روحی ریبازی بەکتاشی دادەنریت و خۆی موریدی ( بابا ئیسحاق )بووە کە هەندێ جار ناوی دەبەن بە ( بابا ئەلیاس) ( سالەح لا)، بابا ئیسحاق دەرویشیکی خوا پەرست خەڵکی ئۆرفە بووە ( ١٢٣٨- ١٢٤٠ز.)، لە ئەشکەوتیکدا لە نزیک ئەماسیا چووتە خەڵوەتەوە، داوای پیغەمبەری کردووە، گەلێ لایەنی تورکمان لە دەوری کۆبوونەتەوە ، ئەویش بە شۆرشکردن هانی داون، کە بە خیرایی بڵاوبووتەوە، کەیخەسرەوی دووەم بە زەبرو زەنگ دایمرکاندووە ( هەمان سەرچاوەی پیشوو )، ئیبراهیم داقوقی دەڵیت: بابا ئیسحاق لەگەل هاوڕاکانی شۆرشیان بەر پاکرد دژ بە سەلجوقیەکان کە لە ساڵی ١٢٤٠ز. دا گرتیان و لە سیدارەیان دا ، پاشان حاج بەکتاش بوو بە سەرۆکیان واتە سەرۆکی بابابیەکان، ئەوانەی لە کۆمەڵکوژی رزگاریان بوو پاش نەمانی بابائیسحاق چوونە ریزی بزوتنەوەکەی حاج بەکتاشەوە کە پەیوەندی باشی هەبوو لەگەل دەسەلاتی عوسمانی ( داقوقی لا٢٧٢)،لە دروست بوونی دەولەتی عوسمانی حاج بەکتاش وەلی بەر پرسی پیکهاتەی (ئە هیلیک) بوو، کە لە زۆربەی شەرەکان و فتوحاتی ئیسلامیدا لەگەل خۆیاندا دەیانبرد ( ویکپیدیا – الموسوعە الحرە )،هەروەها لە بنکە سەربازییەکاندا رینمایکەریک لە قوتابیەکانی حاج بەکتاش هەبوو بە پێی فەرمانی سولتانی عوسمانی بۆ بەرزکردنەوەی ورەی سەربازەکان ( هەمان سەرچاوە ).

هەندێ سەرچاوە دەرکەوتنی حاج بەکتاش وەلی بۆ سەدەی ( ١٦ز) ی دەگەرێننەوە، کە یەکێک بووە لە پیاوە ئاییینیەکانی سۆفیگەری لە شاری نیسابور لە خۆراسان ( د. م. ڕ .لا٣٧).

بەڵام لە لایەکی کەوە دەیگەڕێننەوە  بۆ سەدەی ( ١٣ز) ی کە لە خۆراسان دەرکەوتووە وەک کەسایەتیەکی سۆفی ئینجا چووە بۆ ئەنادۆڵ ( سیف ٢٢ نیت)، حاج بەکتاش وەلی بە پێی راسپاردەی مورشیدو رینمایەکەری (ئەحمەد بسەوی لە خۆراسانەوە ڕوو دەکاتە خاکی تورکستان ،( ولایەتنامەلا٣٢). بە پێی ڕاپورتیکی ماموستا عەلی یوسف کاکەیی کە سەردانی ناو بەکتاشیەکانی کردبوو لە تورکیادا، دەڵیت: حاج بەکتاش وەلی لە دەست زوڵمی سەلجوقیەکان چووە بۆ ئەنادۆڵ، چونکە بەشداری لە بزوتنەوەی باباییەکان کردبوو دژ بە سەلجۆقییەکان، ( ویکیپیدیا )، ئەم ڕایش لەگەڵ ئەوی داقوقی یەک دەگرنەوە کە حاج بەکتاش بووە بە جیگری بابا ئیسحاق پاش دامرکاندنی شۆرشەکەی دژ بە سەلجوقیەکان، پاش خۆ شاردنەوە ی لە چەند ساڵیکدا لە دیی ( کارایۆل) دەردەکەویت لە ( سولجا کارایۆل ) کە خیڵی چینییەکان لەوی دەژیان، هەرچەند خۆی لە وان نەبوو، بەڵام لە یەکیک لە حەوت خیلەکە گرتیان بەخۆوە کە لە لایەن کادینجک ئەنا و پیاوەکەی ئیدریس ( ویکیپیدیا ). لە خۆراسانەوە لەریگای چوونی بۆ ئەنادۆڵ دەچیتەشاری نەجەف، چل ڕۆژ دەمینیتەوە و پاشان لەویوە دەچیتە مەکە سێ سال دَەمینیتەوە، لە مەکەوە دەچیتە شام و حەلەب ئینجا ڕوودەکاتە ئەنادۆڵ ( ولایەتنامەلا٣٢)، لە ئەنادۆڵ حاج بەکتاش وەلی دەچیتە نێو خێڵی ( باجیان ڕۆم)، سەرکردەیان ئافرەتیک بووە بە ناوی (عەهدە خاتون= نەنە خاتون )لە (سولجە قەرایوک)دەبێتە میوانی ماموستائیدریس و ماموستا کادنجیق ئەنا کە هەردوکیان موریدی دڵسۆزی بوونە.( ولایەتنامە لا٣٢). حاج بەکتاش وەلی لەو کاتەی دەگاتە ئەنادۆڵ تەمەنی چل ساڵان دەبێت، ڕینمایکەرەکەی ئەحمەد بسوی موژدەی دەسەڵاتی ئایینی دەداتێ لە ئەنادۆڵ بۆ ماوەی چل ساڵ (ولایەتنامەلا٣٩).

حاج بەکتاش چوونی بۆ نەجەف و کوفە بۆ خوێندنی فقە بووە، پاشان چوەتە ئەنادۆل ڕۆڵی گەورەی هەبووە لە بڵاو بوونەوەی ڕیبازی بەکتاشیە( داقوقی لا٢٨٦)، لە ئەنادۆڵدا لە ئەماسیە جیگیر بووە، بوە بە جێگرەوەی شیخیکی بابائی بە ناوی بابا ئیسحاق ، پاش مردنی بابا ئیسحاق بووە بە سەرۆکیان تالە (سولوجا هویوک) مردووە لە ساڵی (١٢٧٠ز، (داقوقی لا ٣٩). پاش مردنی حاج بەکتاشیش بالم سولتان بووە بە جیگری ( ٩٢٢ک/ ١٥١٦ز.) ( هەمان سەرچاوە ). وا پێ دەچیت تورکمان بێت کەوا بە ئاسانی ریبازەکەی بڵاو بوتووە لە نێو خێڵە تورکمانەکانی لە سەردەمی سەلجوقیەکاندا (سیف ٢٢ نیت )، حاج بەکتاش وەلی سەرپەرشتی پیکهاتەی ( برایان – الاخوە ) ی کردووە کە گروپیکی سۆفی چەکدار بوونە لە ناو خێڵە تورکمانەکانی ئەنادۆڵ، گوایە سەر بە بڕوای ( فتوەی ئیسلامی ) بە ناوبانگ بوون (ویکیپیدیا )، حاج بەکتاش ڕۆڵیکی باڵای هەبووە لە موسلمان بوونی خاج پەرستان لە سەردەمی عوسمانییەکان وەک کەسایەتییەکی پیرۆز بووە لای ئەوان و موسلمانەکان، لەگەڵ موسلمانەکان زیارەتی مەرقەدی حاج بەکتاشیان کردووە بۆ حەج کردن و تەبەرکیان کردووە ( هەمان سەرچاوەی پێشوو ). حاج بەکتاش وەلی لە ژیاندا هاوسەر گیری نەکردووە ،هەر چەندی دەڵین نەوەی حاج بەکتاش دوو گروپن (باباکان و دەدەکان ) و ( چەلەبیەکان )، گروپی چەلەبیەکان بڕوایان وایە گوایە حاج بەکتاش هاوسەرگیری کردووە لەگەڵ ( کادینجک ئەنا) کچی ( شیخ ئەوحەدەدین کرمانی ) کە ئەمەیان دوورە لە ڕاستییەوە، چونکە حاج بەکتاش وەک کچی خۆی زانیوە لە ڕیی ئاییینەوە کە یارمەتیدەری بووە، کادینجیک ئەنا  هاوسەری (ئاهی ئەوران ) بووە کە شەهید



بووه ، پاشان رووی کردووتە ( سولجا کارایەک) لەوی بوەتە یارمەتیدەری ئایینی حاج بەکتاش (ولایەتنامەل٣٢)، هەندیک وا دەبینن کە حاج بەکتاش فاتیمە نوریيەی کچی خواجە ئیدریس و کادینجیک ئەنای کردووە بە هاوسەر و کوڕیکی لێ بووە بە ناوی سەید عەلی سولتان ( خزر لالە یان تەیمور تاس ) کە بوەتە جیگرەوەی لە پاش خۆی، (ویکپیدیا)، ئەفسانەیەک باس دەکرێت کە ڕۆژیکیان کەسێک لە موریدانی حاج بەکتاش قوربانی دەکات ن حاج بەکتاش بە خاتو( کادینجک ئەنا) دەڵێت ئاوی قوربانیەکە لە دوور برێژن، بەڵام خاتو کادینجک ئەنا ئاوی قوربانیەکە بە پیرۆز دەزانیت نایرێژێت ، دەیباتەوەماڵەوە و لێی دەخواتەوە تا تەواو دەبیت، حاج بەکتاش بەو بارە دەزانیت ، موژدە دەداتە خاتو کادینجک ئەنا کە دوو کوڕی دەبێت (دیارە هاوشیوەی موعجزەی لە دایک بوونی مەسیح ) ئەو دوو کوڕەتا هەفتا ساڵ هەر لە حەوت سالیەوە دەبنە ڕابەری ئایینی، نەوەی ئەو دوو کورە بەردەوام دەبن لە ڕابەرایەتی ریبازی بەکتاشییە( ولایەتنامەل٣٣)، بەڵام خواجە ئیدریس لە کادینجیک ئەنا دوو کوڕی بووە ( ویکپیدیا )، بە پێی ئەم ئەفسانەیە دوو گروپ پەیدا دەبن (باباکان و دەدەکان) و چەلەبیەکان لەنەوەی ئەو دوو کورەی کادینجیک ئەنا. بالم سولتان و قەلەندەر چەلەبی دەبنە جیگرەوەی تەکییەی حاج بەکتاش ( ویکپیدیا ).

قایم بوون و بتەوبوونی جیگە وپێگەی بەکتاشییەکان و شیعە لە نێو ئەو گۆچەرانە (واتە ئەوانەی روویان کردووتە ئەنادۆڵ ) وردە وردە ڕێبازی شیعە و ڕێبازەکانی هاوبیری شیعەی هاندان ( وریا بداغی ل١٢٧)، بزوتنەوەی بەکتاشی لە تورکیای عوسمانی کە سەری هەڵداوە ، دەگەڕێتەوە بۆ سەردەمی پێشتر، کە بناغەی هەبووە لەو ناوچەیە وەک هاوبیر، کە حروفییە و ئیسماعیلییەکان و بەکتاشییەکان بە نهێنی لە ژیر باڵی ( ئەخییە = برایی) بوون، ( عەزاوی ١٩)، لە ئازربایجان و خۆراسان ، شاعیری گەورەیان لێ چەیدابوو، پاشان ئەوانە چوونە سەر بەکتاشییە ( هەمان سەرچاوە )، قزلباشەکان لە ڕۆژهەڵاتی ئاسیای بچوک و کوردستان و عەلی ئیلاهییەکان لە وڵاتی فارس هاوڕیکن لەگەل بەکتاشییەکان لە بیرو باوەڕ ( عەزاوی ل٣٧)، لە سەردەمی عوسمانییەکان، بەکتاشییەکان وەک گەورەترین ڕیباز خۆی دەنواند ، سەرەڕای ئەو ڕیبازانەش کە هەبوون هاوشێوەی بەکتاشی وەک ( دەدەکان ، باباکان، حەیدەری، قەلەندەری، حروفییە، مولولیک، مەولانا، لەگەل ڕیبازی قادری و نەقشبەندی...تاد، زۆر بڵاوبو بووەوە لە نێو وڵاتدا و سنوریشی بەزاندبوو بۆ ئەلبانیا، کاجاغستان، مەجەرستان ، میسر و بەلقان و دەشتەکانی ئەرنائۆلدی ئەلبانیا ( ئیڤانۆف ل١١)، لە لایەکی کەوە هاتووە کە بەر بڵاوبووە لە یۆنان ، ئێران ، تورکیا، عیراق، شام، چین، ئەمەریکا و ولاتانیتر، یۆنان دانی پییان ناوە بەفەرمی بە لام لە مەقدۆنیا و کوسوڤو بەرەنگاریان دەبنەوە، سەرە رای ئەوەی یەکیتی ئەورووپا دانی پییان ناوە ( ویکپیدیا).

هەر لە سەردەمی عوسمانییەکان سولتان سەلیم لە ساڵی ٩٠٣ک.دا تەکیەیەک لە دیمەشق بونیاد دەنیت بۆ بەکتاشییەکان دوای ئەوەی حروفییە و بەکتاشییە یەک دەگرن، هەرچەند خۆیان بە ئەهلی سوننەت و جەماعەت دەزانی بەڵام کارو رفتاریان بە بیچەوانەی ئەم مەزهەبە بوو، زورتر وەک غەلاتی شیعە بوون ( سەلتانی ل١٢٧).

بەکتاشییەکان  بوونە شیعەی ئال بەیت و سەرپەرشتی سوپای دەولەتی عوسمانی سوننەیان دەکرد ،جۆرە بادان و گۆرانی و موسیقایەکی کولتووریان پەرەپێ دابوو، بەرزگرتنی ڕیزی هەلاج و جەلال دین ڕۆمی یان لابوو ،بایەخیان نەدەدا بە فقهی جەعفەری ( ڕەسیف ٢٢ نیت ). زۆریک لە خاچ پەرستان بوون بە ئیسلام لە ڕیگای ڕیبازەکەیانەوە، هەروەها ( جوەدۆنمەکان ) کە چوونە ریزی ئیسلامەوە ، بە ئاشکرا و نهینی ئایینی خۆیان پاراست، کە چوونە ریزی ڕیبازی بەکتاشییەوە ( هەمان سەرچاوە ).بەکتاشییەکان پابەند بوون بە فقهی سوننەی حەنەفی لە دەولەتی عوسمانیدا، بۆیە ڕای وا هەبوو کە دابەشن لە نێوان ئەهلی سوننە یان وەک بەشیک لە جیهانی شیعەگەرایی ( ویکیپیدیا ).

بەکتاشییەکان بەرگیان عابایەکی سپی وکلاویکی ڕەش چەند گۆشە، تەرک و شیخەکانیان مێزەریکی کەسک ( سەوز ) دەبەستن ( سەلتانی لا١٢٨). پاش پەیوەندی فەرهەنگی تورکیا بە ئەوروپاوە، خانەقاکانیان داخران کە کاریگەریەکی بەر چاوی نەکرد لە باقی ولاتانی ئیسلامیدا ( سولتانی لا١٣١)، ئەورۆ بەکتاشییەکان بە پلەی یەکەم لە تورکیا و ئەلبانیا هەن ، ژمارەیان زیاتر لە چارەکە ملیۆنیک لە ئەلبانیادا پییان ناوتریت عەلەوی ، سەنتەرەکەیان چوە تە ئەلبانیا لە تیرانادایە ، پاش ئەوەی کۆماری تورکیا قەدەغەی کردن ، هەرچەند لەویش توشی چەوساندنەوە و گوشار بوون بە دەستی شیوعییەکان ، بەلام ئەساواری تەکیەکانیان لە قاهیرەو بەغدا و زۆر ولاتانی عەرەبی بەر لە بیرچوون کەوتوون (ڕەسیف ٢٢ نیت )، کە چی بەکتاشییەکان لە داقوق دوو تەکیەیان هەیە بە ناوی ( ئەشاغی تەکییە) و ( دەدە جەعفەر تەکیەسی ) کە ژمارەیەک لە تورکی ئازەری و شیعە توندڕەوەکان تیایدا کۆ دەبنەوە و کتێبی حروفییە و بەکتاشییە و هی تر دەخوێننەوە ( گ.ک.ز. ع.د. ک.ب٢ لا٤٤٥)، ژمارەی بەکتاشییەکان لە نێوان (ی ٧- ١١) ملیون دەبن لە کورد و تورکمان، وەک ڕێگایەکی سۆفیگەری باتنی بڕوای دۆنای دۆن بوونی نییە لایان( ویکیپیدیا). عەلەوییە کوردەکان لە سەدا سیی عەلەوییەکان بوون لە تورکیاو شارەکانی ناوەڕاست و باشور دەژین لە ڕۆژ هەلاتی ئەنادۆل کە ئەمانەن (بینگول، ئەرزنجان ، سیواس، یوزغات، بلازیغ ، مەلاتیا ، قەهرەمان ، مەرعش ، قەیسەری، تشوردم) زۆربەیان لە دەرسیم (تونجەلی) کۆبوونەتەوە کە بە زمانی کرمانجی زازایی ئاخاوتن دەکەن ، لە سەدا چلیان بە کاری کشتوکالی و ئاژەلداری خەریکن (داقوقی لا٢٨٥).

عەلەوییەکان خۆیان لە کۆمەلگای موسلمانی جیهان جیا ناکەنەوە، بەلکو خۆیان بە موسلمانی ڕەسەن و ڕاستەقینە دەزانن، ئەویش بە شێوەی  خۆیان، خۆیان نە بە شیعە نەبە سوننە دەزانن ( فەلەکە دین کاکەیی لا١٦٥)، لە تورکیا  نزیکەی ( ٢٥ ملیۆن) دەژمێردرین ، سێ یەکیان کوردی عەلەوین بەتایبەت زازاکان ( دیملی)، دوو لە سەر سێ یان تورکن ( هەمان سەرچاوە )، ژمارەی عەلەوییەکان  کە خاوەن جەم و جەمخانەن لە تورکیا، پرۆفیسۆر عزەدین دۆغان کە کەسایە تییەکی بەر چاویانە و ڕیزی لێ دەنێن، ژمارەی عەلەوییەکان بە ( ٢٥ ملیۆن ) هەژمار کردووە لە میدیاکاندا ، وەک داواکاریەک بۆ مافی عەلەوییەکان.( ڕۆژنامەی خەبات ژ. ٢٠٢١لە ٢٠٠٦ز.)

عەلەوییەکان ( بەکتاشییەکان ) روحی لێبوردەیی و قبوڵکردنی هەر رەگەز و ئاین و هەر زمانێکی کەیان هەیە ، هەموو ئایینە پیرۆزەکان بە هەق دەزانن ، ریز لە پەیامبەران و پەیامەکەیان دەگرن، خۆیان بە گەورەتر و زیاتر نازانن لەگەڵ توندو تیژی نین ، یەکتا پەرست و خاکەڕان ( هەمان سەرچاوە لا١٦٧). عەلەویزم وەک ڕیبازیکی ئیسلامییە، لە رووی کولتوورییەوە سیمای ڕەگەزە هەرە کۆنەکانی تورکی پاراستووە کە بەر لە ئیسلام هەبوونە، هەر وەک لە ناو کوردیشدا بەو ڕەنگ وشێوەیە هەندێ ڕەگەزی میترایی و زەردەشتی لە ناو خۆیدا جێ پڕ کردووتەوە( هەمان سەرچاوە لا١٦٩). بەکتاشییەکان لە ئەنقەرە (٤٣) جەمخانەیان هەیە، مەراسیمی ئاینیان تیادا ئەنجام دەدەن، بە تایبەت پاش ساڵی (٢٠٠٢ز.) بە ئازادانە، کولیجی غازی کە لە ساڵی ١٩٨٧ز. دامەزراوە لە ئەنقەرە تایبەتە بە خۆیندن و لێکۆلینەوە لە ریبازی عەلەوی بەکتاشی، هەروەها چوار کەناڵی تەلەفزیۆنی ئاسمانیان هەیە بە ناوی ( یۆل ت.ڤ. ، جەم ت. ڤ. ، سو ت.ڤ. ، بارش ت. ڤ.)( راپورتی م. عەلی یوسف).

**موعجزات و کەراماتی حاج بەکتاش وەلی**

حاج بەکتاش کۆمەڵیک موعجزات و کەراماتی پیشان ماموستا و لایەنگرانی خۆی داوە لەو سەردەمانەی لە ژیاندا بووە، پەرەی داوە بە ڕیبازی بەکتاشی لە ئەنادۆل و دەوروبەری بە هۆی ئەو موعجزات و کەراماتانەوە و لایەنگرانی زۆر بوونەتەوە، زیاتر پابەند بوونە بە برواو ڕیوڕەسمەکانی بەکتاشی، هەندیک لەو موعجزات و کەراماتانەی لێرەدا دەهێنینەوە کە لە کتێبی ولایەتنامە دا هاتووە لەوانە :

١) ئەو کاتەی حاج بەکتاش لای ماموستاکەی خەلیفە ی( ئەحمەد بسەوی ) بە ناوی ( لوقمان برندە ) دەبێت ، جاریکیان داوای ئاوی لێ دەکات کە بۆی بهێنی دەست نویژ وەربگرێت ، حاج بەکتاش پێی دەڵیت: ئەگەر لە نێو قوتابخانەکەدا سەرچاوەیەکی ئاو هەبێت باشتر نییە، ماموستاکەی لە وڵامدا دەڵیت: ئەوە لە توانای مندا نییە ، ئەگەر تۆ بتوانیت ئەو کارە ئەنجام بدەیت . لەو ساتەدا حاج بەکتاش دەستەکانی دەگوشێ و دوعادەکات ، لوقمان برندەش ئامین دەکات ، لە ئەنجامدا لە نێو قوتابخانەکەدا کانی ئاوێ دەتەقیتەوە ، شیخ لوقمان برندە بەم کارە بە حاج بەکتاش دەڵیت: ( یا هونکار = یاخاوەندکاری فارسی) بە مانای (حوکم ڕان ، پادشا، سولتان ، بیگ ) ، پاش ئەوە ناز نازی هونکار بە حاج بەکتاش دەگوتریت ( ولایەتنامە لا٣٠).

٢) لوقمان برندە بە دوای کاریکدا لە شار دەردەچێت ، پاشان کە دەگەرێتەوە ، دەبینێ حاج بەکتاش دوو نورانی لای ڕاست و چەپی دانیشتوون و گفتوگۆدەکەن ، لەگەڵ چوونە ژورەوە ی لوقمان لە چاو بزر دەبن ، حاج بەکتاش بە ماموستاکەی دەڵێت: ئەوی لای ڕاست پیغەمبەر بوو و ئەوی لای چەپ ئیمامی عەلی بوو ، یەکەمیان زانستی زاهیری و ئەوی تریان زانستی باتنیان فێر دەکردم ، لوقمان بەوە زۆر دڵ خۆش دەبێت ( ولایەتنامەلا٣١).

٣) دوو منداڵ دەبیتە شەریان ، یەکیکیان هی مەغولەکان دەبێت ئەوی تریان هی شارەکە، ئەوی شارەکە لە منداڵە مەغولەکە دەدا و دەمرێ ، ئەوانیش منداڵە مردوەکە لەگەڵ ئەوی تر

دەهێنن بۆلای حاج بەکتاش شکایەت دەکەن، حاج بەکتاش هێوریان دەکاتەوە، منداڵە مردووکە پەردەیەک دەدا بە سەریا و دوعا دەکات، منداڵەکە زیندو دەبیتەوە و هەردوو لایان ئاشت دەکاتەوە، مەغولەکان بەمە سەر سام دەبن، و ریزو حورمەتی زیاد لە حاج بەکتاش دەگرن، و هەلسوکەوتیان لەگەل دانیشتوانی شارەکە دەگۆڕێت.

٤) حاج بەکتاش وەلی رۆژیک میوانی ماڵێک دەبی ئەم ماڵە منداڵیان نابێ ، داوا لە حاج بەکتاش دەکەن کە دوعایان بۆ بکات بەڵکە خودا دوعای قبوڵ بکات، لەو کاتە دەست دەداتە سیوێک نیوەی دەخوات و نیوەی تری دەداتە ئافرەتەکە، هەڵدەستێ دەروات ، دوای ساڵیک جاریکی تر ریی بەو ماڵە دەکەویت ، ماڵەکە منداليان نەبووە ، پیاوی مالەکە دەڵیتە هاوسەرەکەی بەردیک لەناو بیشکەکە دابنی و بڵین منداڵیان بووە تا حاج بەکتاش شەرمەزار نەبێ ،حاج بەکتاش داوای بینینی منداڵەکەیان دەکات ، ئەوی کردویانە بە بیشکەکەوە دەهیننە پیش حاج بەکتاش حاج بەکتاش سەری بیشکەکە لادەدات دەبینی کوریکی جوانیان بووە ( راپورتی م. عەلی یوسف ).

٥) حاج بەکتاش وەلی ڕۆژی مردنی خۆی ئاشکار دەکات ، بە یەکێک لە لایەنگرانی بە ناوی ( ساری ئیسماعیل ) دەڵیت: من دەرۆم بۆ دیداری هەق ، ئەمرۆ پینج شەممەیەخۆتان ئامادە بکەن، سوار ئەسپێکی نیقابدار دێت یاسینی من دەخوێنی و پاشان جەنازەکەی من دەبات ، هیچ لەگەلی گفتوگۆ مەکەن، پاش ئەوە خیرو خیرات بکەن و دابەشی بکەنەوە ، کە ئەو سوارە هات و تەرمەکەی حاج بەکتاشی برد ئیسماعیل خۆی پێ ڕانەگیرا ، نقابەکەی لە سەر دەم وچاوی لادا، بینی هەر حاج بەکتاش خۆیەتی، ئەوجا پەشیمان بوەوە و داوای لێبوردنی کرد ، پاشان سوارەکە هەندێ دەروات و غەیب دەبیت. ( ولایەتنامەلا١٣٠) (بە پێی ئەم بۆچوونە دەبیت تەرمی حاج بەکتاش لەوی نەبێ کە بە زیارەتگای حاج بەکتاش دایدەنین )، هەمان ڕوایەت گوێم لیبووە لە چەند کەسانیکی سوننە و غەیر ئەوانیش دەربارەی ئیمامی عەلی ( ر.خ.) هەیە، کە باوەریان وایە ئیمامی عەلی دوای مردنیشی بە لەشی خۆی زیندوو بوەوە ( سولتانی لا١٣٠).

**مردنی حاج بەکتاش وەلی**

حاج بەکتاش لە ساڵی ( ٦٦٩ک/ ١٢٧٠ز.) کۆچی دوایی کردووە ،( ولایەتنامە لا٣٤) ،گۆرەکەی لە شاری ( قەیسەریە قرایوک) و مەزارەکەی لە شاری ( حاج بەکتاشە) کە سەر بە شاری (نوشەهرە)، مەزاری حاج بەکتاش لە ساڵی ١٨٥٢ز (موراد کوری عەبداللە ) دروستی کردووە ،پاشان ئەو ئا رامگەیە ( سولتان بایەزیدی عوسمانی ) باپیرەی گرنگی تایبەتی داوە بە حاج بەکتاش ، ئەویش دریژەی داوە بەو گرنگییە و کومبەتی لە سەردروستکردووە و چاکسازی تیدادەکات .

هەموساڵیک یادی دەکەنەوە لە (١٦ – ١٨) مانگی ئابدا، لە ماوەی سێ ڕۆژ جەژن دەکەن بە ناوی جەژنی ( بەکتاش وەلی ) ، سێ ڕۆژ ڕۆژوو دەگرن لە مانگی شوبات پێی دەڵین

ڕۆژووی ( خدر ئەلیاس) کە فریاد ڕەسە ( داقوقی).

**ئەساوار ە بە جێ ماوەکانی حاج بەکتاش**

پاش بڵاوبوونەوەی حروفییە لە وڵاتی فارس و تورکیا و دەروێشە بەکتاشییەکان بوون بە ڕابەریان ، لە بەر ئەوەی دەنگ و باسیان و کتێبە پیرۆزەکانیان بە زمانی تورکی نوسرابوون ( ویکیپیدیا)، و حاج بەکتاش وەلی کۆمەڵێک ئاساواری بەجێ ماوە کە لە لایەنگران و هەوادارانی پیرۆز ڕاگیراوە و پابەندی ڕینماییەکانین ، لەوانە :-

١) ولایەتنامە :- کتێبی پیرۆزی عەلەوییە بەکتاشییەکانە، کە ڕاڤەی مەقامات و مەرتبی باتنی حەزرەتی حاج بەکتاش وەلی دەکات، کە بە گێرانەوەی عارف وسادات کراوە، گرنگترین وپیرۆزترین کتابە بە زمانی فارسی بۆ زمانی کوردی وەرگێردراوە و بە چاپ و بڵاوکردنەوە گەیەندراوە . (ولایەتنامە لا٧).

٢) کتێبی فەوائید :- لە ساڵی ١٩٢٢ز. کۆپرلو ئاماژەی پێ داوە کە بە زمانی فارسی لە کتێبخانەی زانکۆی ئیستانبول پاریزراوە ، ئەم کتێبە خۆی دایرشتووە و پەیوەندی بە خۆیەوە هەیە.

٣) مەقالات :- دیاریترین و ڕەواجترین بە جێ ماوی حاج بەکتاش وەلییە کە بە زمانی عەرەبی دایرشتووە ، پەیوەندی بە سۆفیگەرییەوە هەیە.

٤) – ڕاڤەی ( شەرح) بسم الله :- ئەم کتێبە بە ناوی لیکدانەوەی بسم الله یە لەگەل مەقالاتی حاج بەکتاشلە کتێبخانەی مانیساتۆمارکراوە لە لایەن ( جەعفەر بن حەسەن ) ڕاستکراوەتەوە و لە ( ٣٩) بەرگدایە . یەکەمین ئاساواری نهێنی کلاسیکی (عەلەوی – بەکتاشی )یە لە بارەی ئایینەوە لە تورکیا بونیاد نراوە و چوەتە سەر ئەدەبیات و فولکلووری تورکییەوە .

٥) شەتەحییە :- (واتا حاڵ گرتن ) گۆلینارلی باس دەکات کە حاج بەکتاش حاڵ گرتنی هەبووە، ئاماژەی نەکردووە لە کۆی هەیبووە.

٦) مەقالات غەیبییە و کەلیمات عەینییە:- نووسینە ونبوەکان و وشە نمونەییەکانی ئەم ئاساوارە ی حاج بەکتاش تا ئەمرۆ بەر دەست نەکەوتوون کە بە زمانی فارسی بووە ، پاشان وەرگێراوە و بڵاوکراوەتەوە لە لایەن سەنتەری لێکۆلینەوەی حاج بەکتاش ، بنچینەی ئەم کتێبە لە مەجلسی شورای ئیسلامی ئێراندا هەیە و یەکیکی تر لە ئیستانبول بەر چاو کەوتووە، دەربارەی سۆفیگەری و گەیشتنی مرۆڤ بە دیداری خواوەند و بارو دۆخی وەلی.

٧) هەندێ کتێبی تر حاج بەکتاش وەک ڕاڤەی (حەدیس ئەربەعین = قسەکانی چلانان ) کە پەیوەندی بە حاج بەکتاشەوە هەیە، ( ئینسیاع و وەسایا = گوی ڕاکرتن و ڕینماییەکان ) لە کتێبخانەی گشتی شەهرستان حاج بەکتاش بە ژمارەی (٩) دا هەیە)(عەقائیدی تەریقەت =بڕواکانی ڕیباز) ئەمەشیان پەیوەندی بە حاج بەکتاشەوە هەیە لە کتێبخانەی (زم ئۆغلو ) لە




چریکه ۳
**فصل‌نامه** فرهنگی،
هنری، ادبی و اجتماعی
سرزمین پهلویان

ژێر ژمارەی (١٠) پاریزراوە .

٨) گرنگترین کتیبە پیرۆزەکان کە بە عەرەبی و فارسی نووسراوەتەوەکتیبی (مەوجودات =هەبوونەکان )، ولایەتنامە )، بەیروق = فەرمایشت)، کە لە نووسینی شیخ سەفی الدین ئەردەبیلییە باوکی ئیسماعیل سەفەوی، و کتیبی قەمری کە نهێنی بە کاریان دەهێنن.

**ڕێو ڕەسم و بیرو باوەڕی بەکتاشییەکان**

بەکتاشییەکان هاوشیوەی ڕیبازو ئایینە باتنییەکانی دی کە چوونەتە ژێر باری سۆفیگەری ئیسلامییەوە ، کە لە ناخدا زیندوکردنەوەی کولتووری دێرینە بە موتربە و تێهەڵکیش لە بیرو باوەڕو ڕیوڕەسمیشدالیک دەچن یان زۆر نزیکن لێکەوە، واتا لە بناغەی بیروباوەری بنچینەی یەکن ،ئەگەر لێک دوور بن و دابڕاو بن لە بواری ناوچەیی جوگرافییەوە، کە هەموویان عوسمانییەکانی ناوی عەلەوییان بەسەردا سەپاندووە.

عەلەوییەکان وەک (م.ف. گرینارد)کە لە رەگ و ریشەی ئایینی عەلەوی دەگەری دەڵێت : بنچینەی ڕیبازیکی ئایینی فەلسەفییە کە لە سەدەی سێیەم پەیدا بووە بە ناوی مانیزم و لە ئەنجامدا تووشی شێواندن بووە بە تایبەت لە ژێر کاریگەری ئایینی ئیسلامدا ( میران لا٢٠٦). فەلەکەدین کاکەیی هەمان ڕای هەیە کە دەڵێت: عەلەویزم لە ڕووی کولتوورییەوە سیما و ڕەگەزە هەرە کۆنەکانی تورکی پاراستووە ( کە بەر لە ئیسلام هەبوون )هەر وەکو لە ناو کوردیشدا بەو ڕەنگ و شێوەیە هەندێ ڕەگەزی کولتووری میترایی و زەردەشتی لە ناو خۆیدا جیگیرکردووتەوە (کاکەیی لا١٦٩).عەلەوییەکان دەچنەوە سەر کۆمەڵە بیریکی زەردەشتی یان بۆ سەر بنچینەی ئایینی ئێرانی کۆن ( ڕۆستەم لا ) داقوقیش کە خۆی کەسیکی بەکتاشییە لە دانیشتوانی داقوق بووە دەڵێت: وەک تێکەڵاویکی تەواوە لە ڕیبازە سۆفیگەرییەکان کە لە پیشدا هەبوون لە وانە (ئەلیسوت، هەلاجییە، موعتەزیلە ، سۆفییە ، عەلی ئیلاهی ، ) هەروەها زۆر لە ڕووکەشی ڕیبازی شیعە و بڕواکانی ئیغوانی سەفا و بیرۆکەی ( وحده الوجود) ، و پەرستنی شیخەکانیان تا پلەی زاتی خودایی، سەرە ڕای بڕوایان کە مرۆڤ ئەفریندراوی خواوەندە لە سەر زەوی ( داقوقی لا٢٧٢). بیرو باوەڕی بەکتاشی تێکەڵاوەیەکە لە نیوان شیعەی دوانگزە ئیمامی و ( غەنوسی ) کە دەڵێت خواوەند وەک مرۆڤ یان دەچیتە گیانی مرۆڤەوە و هی تری باتنییەکان ، کە لە ڕامانی ئیسلامییەوە بڕوباوەریکی لادانە .( محەمەد ئیدریس ، گ. اهل البیت ژ.١٩) جامعه اهل البیت.

ڕیبازی بەکتاشی ریبازیکی سۆفیگەرییە، رابەری حاج بەکتاش وەلییە، لە سەدەی ( ٧ک.) دەرکەوتووە لە ئەنادۆل، زانیارییەکان و بیرو بڕواکانیان لە شیعەی دوانگزە ئیمام و ڕیبازی قەلەندەری و حەیدەری و لە بڕوا کۆمەڵایەتییەکان کە لە ڕیی ئایینە کۆنەکانەوە خزاونەتە نێو تورکەکان لە پیش ئیسلام وەک شامانی و مانەوی ( ویکیپیدیا).

ڕیبازی بەکتاشی کاریگەری ڤیساغۆرسی لە سەر بووە ، کە گواستراوەتەوە بۆ کتیبی جاویدانی فەزل الله ی حروفی، هەروەها حاج بەکتاشیش ئەفلاتونی نویی وەرگرتووە لە گەڵ تەسەوفی

دوانگزە ئیمام ( ویکیپیدیا ).

لەم بۆچوونانەی سەرەوە دەر دەکەوێت بەکتاشییەکان و عەلەوییەکان بەگشت گروپ و ریبازەکانیانەوە هەر چەندە چوونەتە ژیر چەتری تەسەوفی ئیسلامییەوە و ڕوخساری عەلەوی شیعەگەراییان بە دیار خستووە ، حاج بەکتاش پەرەی پیداوە بە شیوەیەک ببیتە ریبازی سۆفیگەری سونی ئەگەر هەندی شیعەگەرایشی پیدا بە دی دەکریت. بەڵام لە بناغەدا، گەرانەوەیە بۆ سەر کولتووری دێرین ( واتە پیش ئیسلام )، لە میترایی و زەردەشتی و مانەوی و شامانی کە موتوربە کراون بە هەندی بیرو بۆچوون و ڕیی وڕەسمی ئایینی ئیسلامی لە ژیرباری تەسەوفی ئیسلامیدا.

بەکتاشییەکان کۆبونەوەیەکیان هەیە خواردن دابەش دەکەن ، هەر وەک عیشای شامی خودایی لای دەرویشەکان ،بڕوایەکی سییانەییان هەیە وەک (خودا ، محەمەد، عەلی )لە سینەی خاچ پەرستان دەچێت ،بۆیە هەندێ بڕوا وایە کە پێشتر نەسرانی بوبن ، هەر بۆیەش بە ئاسانی بەکتاشیا ن قبول کرد ( د.م.ڕ ب٤ لا٣٧٧)، شەراب و مەی خواردن لای عەلەوییەکان گەلێ باوە، بە گویرەی زانیارییەکان مەی خواردن بە لایانەوە کاریکی پیرۆزە، بگرە سەریمونییایەکی ئایینی ئەنجام دەدەن و لەو کاتەشدا هەر دەخۆنەوە ( میران لا٢١٥). حاج بەکتاش وەلی دژی مەی خواردن بوو، چونکە دەبیتە هۆی ئەوەی بیرو بۆچوون لە دەست دەدات و ڕووداوی نەشیاوی لی دەکەویتەوە ( ویکیپیدیا )، هەر وەها دەلین شەراب حەرام نییە ، تورکە شامانییەکان شەرابی ( قەمبیزیان )دەخوارد کە لە شیری ئەسپ دروستیان دەکرد لە بۆنە ئایینەکان و جەژنەکانیان ( داقوقی لا٢٩٤). شامانی ئایینی یەک تا پەرستی یە ، کە خواوەندی تاک و تەنها لە ڕۆژهەڵاتدایە جیگای لە ڕۆژهەڵاتنە و دەروانیتە جیهان لەنیو خۆرەوە ، بۆ دابەشکردنی خیر و بەرەکەت و ئاشتی لە سەر مرۆڤایەتی ، بۆیە شامانییەکان ڕوو لە ڕۆژ دەکەن بۆ نوێژکردن لە کاتی هەڵاتن، کە شامان بە واتای پیاوی ئایینی بە زمانی مەغۆلی ( داقوقی لا٤٠). جەم بەستنی چل سەحابە بە چاودیری سەلمان فارسی ، یەکەم شەرابی بۆیان دروست کرد لە دەنکە ( ترێ ) یەک لە ناو دەفریکی نورانی و هەموو خواردان ، ئەوجا دەستیان بە سەما کردنی بەکتاشیان کرد( داقوقی لا٢٩٤).ئەم شەرابەی سەلمان فارسی ئامادەی کردووە مەست کەرەوە نەبووە ، شەرابی پیرۆزی ئایینی بووە لە کۆبوونەوەدا .

بەڵام لە کتێبە پیرۆزەکانیان بە پیچەوانەی ئەو ڕایانەیە کە تیایاندا هاتووە دەڵیت: هەر کەسێ خۆی لە بادە نۆشی و لەگەڵ نا مەحروم بە دوور بگرێ ( بویروق لا٥٠) ، واتا شەراب خواردنەوە لە هەر کاتیکدا بیت بۆ تاکی بەکتاشی و عەلەوی حەرامە و جۆرە لادانیکە لە ئاداب و ئەرکانی بەکتاشی و بە تاوان دەژمیردریت.

بەکتاشییەکان دان بە تاوانەکانیان دەنین و داوای لێبوردن و پاک بوونەوە دەکەن لە گوناهەکانیان کە کردوویانە (د. م. ڕ ب٤ لا٣٧٧) ، ئەمەیان لە کۆبوونەوە ئایینەکانیان دەبیت بە حزوری شیخەکانیان.

عەلەوییەکان مینای مەسیحییەکان گوناه پاک دەکەنەوە ، گوناهبار لە جەم داوای لێخوشبوون لە دەدە دەکات ، دەدەش پەتی پەشیمانی لە مل دەبەستێ و دەبێ سۆزی قوربانیکردن بدات ئینجا دەدە پەتەکەی بە چەقۆ دبڕی ، یان دەدە تاوانەکانی گوناهبار بە بۆییەکی تایبەت ( ئەشوب بەیاز) لە سەر کاغزیک دەنووسی و ئاگری لێ بەردەدا ( میران ل٢١٣).

جەژنی نەورۆز لە چواری نیسان دەکەن ، کۆبوونەوە لە ( ماڵی کۆبوونەوەدا ) لە بۆنەکاندا بە خویندنی شیعر و موسیقا بە ئاواز ( کە دوعا و نزایە ) بە نوێژی عەلەوی دەژمێردریت ، کۆبوونەوەی رۆشنبیری و کاروباری گروپەکە بە شێوەی ئازادی و دیموکراسی ئەنجام دەدەریت (داقوقی ل٢٨٧) مالی کۆبوونەوەکانیان لە ریزی مزگەوتە ( داقوقی ل٢٩٥).

بە بڕوای بەکتاشییەکان خواوەند ناویکی نهێنی هەیە کە ( هو )ە و ناویکی ئاشکراشی هەیە کە ( الرحمان الرحیم ) ە ، هەروەها هەزارو یەک ناوی هەیە ( بوزگرت ل١١٨)، بەکتاشییەکان کۆبوونەوەی تایبەتیان هەیە بۆ نەوەکانیان ( کوڕ و کچ ) بۆ سەر سپاردن بە پیرەکانیان کە کۆبوونەوەی عەهدو پەیمانە لە مەراسیمیکی تایبت بە خۆیان ( بوزگرت ل١٠٠).

بیروباوەڕی بەکتاشییەکان بۆ گەیشتن بە حزوری خواوەند پیکهاتووە لە چوار دەرگا کە بریتییە لە ( شەریعەت ، تەریقەت ،مەعریفەت ، هەقیقەت و چل مەقام واتا (پلە) کە مرۆڤ دەبیت ئەو چل پلەیە ببریت تا بگاتە خواوەند( داقوقی ل٣٠٦). ئەو چوار دەرگایە لەلایەن خواوەندەوە و لە رێی پێغەمبەرەوە ڕاگەیەندراوە ( بویروق ل٧). لە کتیبی مەقالاتی حاج بەکتاش هاتووە بروای حاج بەکتاش و بەکتاشییەکان وایە کە ئایینەکان هەموو ڕاستن کە بریتیە لە شێوەیەک بۆ تێگەیشتن لە خواوەند (ویکیپیدیا ) .

ئەو شتانەی لە تاکی بەکتاشی حەرام کراون، بادە نۆشی ( شەرابی مەستکەر)، زینا، لەواتە، خۆپەرستی، درۆ، سیخوری ، سوکایەتی کردن و تورە بوون ، ئێرەیی ، تولە سەندنەوە، لاریبوون، خیانەتی ئەمانەت، بە ڕوودا دانەوەی عەیبەی خەلک، رەزیلی، بەرزکردنەوەی نرخی شتومەک، ڕاوچێتی، جەللادی، خواردنی ماڵی هەتیو و بەیت المال...تاد. ( بویروق ل٥٠). عەلەوییەکان روحی لێبوردەییان هەیە بەرامبەر ئەوانی تر ( ویکیپیدیا )، عەلەوییەکان گۆشتی بەراز ناخۆن ، هەروەها هەموو ئاژەڵیکی سمدار بۆیان حەرامە، کەچی گۆشتی مرداریان حەڵال کردووە ، گوایە بەشیک لە عەلەوییەکان لە ناوچەی (توکات) ماسی ناخۆن لە بەر ئەوەی خوێنی یونس پیغەمبەر لە لەشیدایە ، گوشتی کەروێشک ناخۆن، هەروەها جوانە ئەسپ، سێو بەریکی پیرۆزە وەکو دیارییەکی گەورە پیشکەشی دەکەن بە یەکدی ( میران ل٢١٧).

کەعبەی عەلەوییەکان ( بەکتاشییەکان )، تەکیەی حاج بەکتاشە لە نزیک شارۆچکەی (گیر شەهر ) لە ناوچەی ( ئەنگور )، هەموو ساڵیک لە ( ١٠ موحەرەم )حەج دەکەن، وەک شیعەکان هەریسە دەکەن و دابەشی دەکەن بەخێر (میران ل٢١٥).دەوڵەمەندەکانیان ( قزلباش) بە مەبەستی حەج بۆ مەککە و کەربەلاش دەچن ( هەمان سەرچاوە ).

عەلەوییە بەکتاشییەکان ریز لە ڕابەرەکانیان دەگرن کە سەرپەرشتی کۆبوونەوە ئایینیەکان دەکەن لە (جەمخانە = ماڵی کۆبوونەوە )، ڕابەرەکان کاری سەر سپاردن ئەنجام دەدەن بۆ لایەنگران و باوەر پێ کراوان پاش مەراسیمی قوربان کردن ، ئەو مەراسیمانە ڕابەرە ئایینیەکان لە دیهاتەکانیشدا ئەنجام دەدەن پاش درونە و کۆکردنەوەی بەربوومی کشتوکاڵ ، کە لە شەوی هەینی پیاوە ئایینیەکان سەردانیان دەکەن و لە ماڵی کەسیک کۆدەبنەوە ، هاوبەشەکان خواردن دەهێنن لەگەڵ خۆیاندا کە پێی دەڵین ( نیاز = لوقمە = پارو ) و دەدە یان پیر دابەشی دەکاتە سەر ئامادەبواندا ( داقوقی ل٢٨٩).

ئەوی ژن تەلاق بدات ، دزی بکات ، دەرهاوسێ( جیران ) ئازار بدات ، ریز لە دایک و باوک نەگرێت ، ...تاد ، بۆی نییە بێتە نێو جەم و جەمخانە تا دان بە هەڵەکانیدانەنێت و خۆی پاک نەکاتەوە لە نێو جەمدا و عوهدو پەیمان بدات دووبارەی نەکاتەوە( داقوقی ل٢٨٩). تەلاق وەک ئەرمەنییەکان باسیان کردووە لە ناو عەلەوییەکاندا نییە ، سمیڵ وریش ناتاشن و دریژیان دەکەن ،بە باوەری ئەوان هەر داوە مویەک فریشتەیەکی هەیە بۆیە دەستی لێنادەن ، بە پێی سەرچاوەکان ئافرەتی عەلەوی ئازادی و سەربەستی زۆری هەیە ( میران ل٢١٦) ، نوێژکردن بە تاک یان کۆ بە دانیشتنەوە یە ، رۆژویان لە ( ٦ -١٢) ڕۆژە لە شەهید بوونی ئیمامی عەلی و حوسەین ( داقوقی ل٢٨٩).بۆ نوێژکردن دەست نوێژ هەڵناگرن چونکە بەڕای ئەوان پاکی دڵ و دەروون گرنکترە لە پاکی لەش ، ئەمەش نابێ ئەوە بگەیەنی کە عەلەوی بایەخ بە پاکی و تەمیزی نادەن ( میران ل٢١٤) ، بۆ نوێژکردن ڕوو لە ڕۆژ( خۆر) دەکەن ( داقوقی ل٢٨٩). لە یەک ژن زیاتر ناهێنن هەرچەندە بڕوایان بە فرە ژنی هەیە ، عەلەوییەکان ڕۆژانە سێ نوێژ دەکەن ، بەیانی و نیوەرۆ و ئێوارە ، بەڵام خێڵی کۆچکردوو تاقە نوێژیک دەکەن ئەویش بەیانیان بەرامبەر ڕۆژ هەڵاتن ( میران ل٢١٤). سەرەڕای ئەوەی کە مەراسیمیان لە (جەمخانە – جەم ئیوی) ئەنجام دەدەن لە شارو شاروچکەکان و دیهاتەکانیشدا ئەو ڕیوڕسمە ئەنجام دەدەن، پاش دروونە کردنەوەی بەرو بومی کشتوکاڵی، لە شەوی هەینی پیاوە ئایینیەکان سەردانیان دەکەن و لە ماڵی کەسیک کۆدەبنەوە، هاوبەشەکان خواردن دەهێنن لەگەڵ خۆیاندا کە پێی دەڵین ( نیاز یان لوقمە یان پارو )و ( دەدە یان پیر) دابەشی دەکاتە سەر ئامادەبواندا ( داقوقی ل٢٨٩).

دەڵین گوایە زۆربەی ژن هینانیان بە ڕەدوکەوتن دەبێ یان ژن هەڵگرتن بە لایانەوە کاریکی جوامێرانەیە ، ئەمەیان بێ گومان لە ڕاستییەوە دوورە ، ( میران ل٢١٦) ، لە ڕاستیەوە دوورە چونکە بە وتەی خەڵکی نەیارانەوە وتراوە ، و میران لە زاری خەڵکەوە وەری گرتووە ، شک لە وەدا نییە لە هەر کۆمەڵگایەک شتی ناوێزە ڕوو دەدات بەڵام مانای ئەوە نییە هەموو کۆمەڵگا بگریتەوە ، هەروەها بۆچوونیکی تر ی ناماقوڵ دەربارەی گوایە ئاساییە ئەگەر ژن و پیاو ی عەلەوی پەیوەندی دڵداری و سیکسی تریان هەبێت ، نە هەر ئەوە بەڵکو ئەگەر ئافرەتی عەلەوی جگە لە مێردەکەی خۆی دڵداریشی نەبێت بە کەمی دەزانن و کەس ئاوی دەستی ناخواتەوە ( هەمان سەرچاوە، ئەوی ڕاستی بێت ئەم تومەتانەبە زۆر گروپ و ڕیبازی ئایینی تر وتراوە لە لایەن نەیارانیانەوە، کە میران باسی دەکات بەلام لە هەمان کاتدا بە ناراست و

ناماقولی دەزانیت.



بەکتاشییەکان ڕەبەنیان هەیە ، واتا ژن ناهێنن هاوشیوەی خاج پەرستان ، زۆربەیان لە تەکییەی ( قیزا وەلی سولتان ) دەژێن لە نزیک ( دیموتوقە) لە شاری ئەدەنە و شیخێکی گەورەیان هەیە لە تەکییەی (پیر ئێوی = ماڵی پیر ) یان ماڵی قوتب دەژیت ، لەو جیگایەی حاج بەکتاش لە ( قیرشەهر ) و قەیسەرییە. سەرکردایەتی بەکتاشییەکان بوەتە وەرەسە لە ماوەی ( ١٥٠ ) ساڵەوە لە باوکەوە بۆ کور دەکویزریتەوە، رەبەنەکان شیخیکی گەورەیان هەیە لە تەکییەی ( موجەرەد باباسی = باوکی رەبەنەکان )کە شیخی هەموو تەکییەکانی بابانەکانە ، ئەو دەرویشەی لە تەکیەدا دەژیت ( موریدە )و خەڵکە گشتیەکەش لایەنگرە ، تەکیەی تریان هەیە لە ئەنادۆڵ بە ناوی تەکییەی (عوسمان چق)لە باکور ، یەکیکی تر لە نزیک مەرقەدی شیخ بەتال لە نزیک ئەسکی شەهر و دەڵین لە میسریش هەیانە.( ف. عادل کاکەیی ).

عەلەوییەکان ئەو تاقە دارانەیان لا پیرۆزە کە لە سەر بەرزاییەکان هەڵچوون ، بەلایانەوە گوناهە بیانبرن یان لق و پۆپیان بشکینن ، ئەمانە پارچە پرۆیان پیوە دەبەستن و قوربانیان بۆ دەکەن ، ئاژەڵ یان مریشکیان بۆ سەر دەبرن ، هەر وەها زۆر جار کۆمەڵە داریک ( چل بنەدار = قرگلبار ) دەبێ بە زیارەتگایان ، جاری واش هەیە تەواوی دارستانیک دەبێ ، نوێژو قوربانی بۆ دەکەن و بە قسەی گرینار قزلباش هێزەکانی سروشتی وەک مانگ و خۆر دەپیەرستن ( میران لا ٢١٠). ئەمانەی میران باسی لیوە دەکات ، لە بیروباوەڕی دۆنای دۆنەوە سەر هەڵدەدات ، کە روح پاش مردن بە پێی کارو کردەوەی دونیای تاکە کەس دەچیتە لاشەیەکی ترەوە ( نوێ بوونەوەی ژیان ) یان دەچیتە گیانی ئاژەڵ یان دارو درەخت ، کە موعجزەیەک هەست پێ دەکەن لەو دارو درەختە پیرۆزی ڕادەگرن و بەڵکو قوربانیشی بۆ دەکەن ،ئەمەیان پیچەوانەی ئەوەیە کە دەڵین عەلەوییەکان بیروباوەڕی دۆنای دۆن لایان نییە .
بۆ ڕاستی داقوقی کە خۆی بەکتاشییە دەڵیت : بڕوایان بە دۆنای دۆن هەیە ، ( داقوقی لا٢٩٧) ، بە پێی ئەم بڕوایە دەڵین مردن واتە گواستنەوەی روح کە بە شیوەی کاتی لەم دونیایەدا لە جەستەی مرۆڤیکدا بوو، دەچیتە باریکی کەو ژیانێکی کە ( داقوقی لا٢٩٨). شەکیب ئەرسەلان

که نووسەریکی تورکە هەر وەک داقوقی دان بە وەدا دەنیت کە بەکتاشییەکان بڕوایان بە دۆنای دۆن هەیە(ف. عادل کاکەیی )...

بەکتاشییەکان باوەریان وایە کە ( بالم سولتان ) جیگرەوەی حاج بەکتاشە پاش مردن ،لە دایکی باکرە لە دایکبووە ، چونکە دایکی بە خواردنی هەنگوین لە دەستی شیخ دووگیان بووە ،هەاوشێوەی ئەفسانەی خاج پەرستان ( سولتانی لا١٢٨). بە هۆی ئەوەی حەیدەر کوڕی ئەحمەد بسەوی بوەتە پیشەوای ریبازی بەکتاشییەکان بۆیە (حەیدەریشیان ) پێ دەڵین.

عەلەوییەکان تا بتوانن خۆیان لە دامودەزگای دەولەتی بە دوور دەگرن ، چونکە باش دەزانن لەوەی لاینی سوننەکان دەگیری ، بۆیە هەمیشە دەدە گیرو گرفتەکانیان چارەسەر دەکات (میران لا٢١٠). بەکتاشییەکان ئەگەر مردویان شەویک لە ماڵەوە بهیڵنەوە ئەو شەوە بە خویندنی دوعاو نزا و کتیبە پیرۆزەکانیان دەخوینننەوە لەگەل ئامیری مۆسیقا ( ساز ) تا رۆژ دەبێتەوە و دەیبەن بۆ ناشتن لە قەبرستان ( داقوقی لا٣٠٠). بڕوایەکیشان هەیە ئەگەر لوولەلوولی سەگ و هەر ئاژەڵیکی تر لە ماڵیان یان نزیک ماڵیان بێت یان کوندە بەبو لە سەر ماڵیان بنیشیتەوە دەریان دەکەن ، چونکە مردن لە خۆیان دوور دەکەنەوە ، هەروەها ئەگەر ( کەڵەشێر ) بە رۆژ بانگ بدات واتە کەسیک لەو خیزانە دەمرێت بۆیە زوو سەری دەبرن ( داقوقی لا٢٩٩).

**قزلباشەکان :**

لە دەستەی شیعەی توندڕەوەکان هەژمار دەکرین (شکور مستەفا لا٦١) ، کڵاو سوورەکان لایەنگری ئیمامی عەلی ( ر. خ) لە جەنگی سەفین کە ژمارەیان لە نیوان ( ٢٥٠ – ٤٠٠) هەزار کەس دەبوو (شەرەفنامە لا١٥٥)، قزلباشەکان هاوشێوەی بەکتاشییەکان لە نێو خیڵە تورکمانەکان بەر بڵاو بوون و رۆژگار وای لێکردوون نهێنی پاریز بن، کە شیخ حەیدەر کڵاوی سووری لە سەر ناون بە تایبەت دەرویشکانیان تا دیار و جیاواز بن ، پییان وتراوە قزلباش واتە ( کڵاو سوور یان جەمانە سوور ) دانەری ڕیبازی قزلباشەکان شیخ سەفی دین ئەردەبیلییە، باپیرەگەورەی ئیسماعیل سەفەوی لە فتوەکانن (عەزاوی لا٨٣).

قزلباشەکان ناوی زۆر خیڵن لە ئازربایجان، چونکە جەمانی سوور دەبەستنە سەرەوە لە ریزی سوپای ئیسماعیل سەفەوی بوون لە کاتی داگیر کردنی ئێران و زۆربەیان لەسەر ڕیبازی بەکتاشین (میران لا٢٠٥)، ( ئەدموندز لا٢٣٩). سەرکردە خیڵەکییەکان کە بەرگی باباکانیان لە بەر دەکرد لە ڕاستیدا بەردەوامی ڕیبازی شامانی بوون لە ئاسیای ناوەراستدا کە کۆمەڵگا مل کەچیان بوون ، بزوتنەوەی بابائی لە سەدەی حەوت دەستی پێ کرد، بزوتنەوەیەکی دژ بە زوڵم و زۆر بوو کە لە سەر کۆچەریەکانی ئەنادۆڵ دەکرا ، پاش هەرەس هینانیان ئەوانەی مانەوە چوونە نێو بزوتنەوەکەی حاج بەکتاشەوە، کە خۆی یەکیک بوو لە خەلیفەکانی بزوتنەوەی بابائی (مەهدی ئیدریس لا٢٦٦).

پاشماوەی مەغولەکان لە کوردستان قزلباشن لە کەرکوک ، تازە خورماتو، تاووق، خورماتو، قەرەتەپە، گوندەکانی تسعین، بەشیر، لەیلان نیشتەجێن ( میران لا٢٠٥) ، دەسەلاتدارانی

عوسمانی ناوی ئەم ڕیبازو گروپانەی ناوە ( عەلەوی ) کە لە هەموو وڵاتانی ئیسلامی لە ڕۆژهەڵات تا ڕۆژ ئاوا بەر بڵاون وەک (بەسەوی ، بەکتاشی ، مولوی ، قەلەندەری ،خەڵوەتی ، نەسیری ، قزلباش ، ئەبدالی ، بەیرەمییە ، دەدەئییە ،نەقشبەندی ، نوری ئەفغانی ،گروپی حەسەنی لە وڵاتی ڕۆژئاوا ( داقوقی).

(عەلەوی – ئەلاوی – هەڵاوی) ووشەکە لە بنەرەتدا پەیوەندی بە ئاو وئاگرەوە هەیە ( نەبەز لا١٦)، ئەم گروپانە ئەگەر هەندێ جیاوازی لە داب و نەریت یان لە ڕیو ڕەسم هەیە بە پێی ناوچەو ناوی سەرکردەکانیان بەڵام هەموویان لە یەک سەرچاوە ئاو دەخۆنەوە ، کە بە زۆری زیندوکردنەوەی کولتووری دێرینی ناوچەکەیە لە پیش هاتنی ئیسلام، بە شێوەی ڕیبازی سۆفیگەری لە ژیر سیبەری ئایینی ئیسلامیدا.

هەڵمەتی شیعە کردنی عەلەوییەکان بەگشتی ، دوای نەمانی عوسمانییەکان دەستی پێ کردووە لە ساڵی ١٩٤٠ز .وە ، لە شاری تەلعەفەر هیچ مزگەوتیک بوونی نەبووە، لە ساڵی ١٩٧٠ز .دەس کراوە بە شیعەگەرایی لە لایەن شیعەکانی عیراقەوە بە هەموو جۆرە یارمەتیەکی ماددی و مەعنەو، تەکییەکانیان بەرەونەمان چوو و لاواز بوون، پاش ڕۆخانی رژیمی عیراق لە ساڵی ٢٠٠٣ز دا دەستیان داوەتە مەراسیمی خۆیان جاریکی تر ( راپۆرتی م. عەلی یوسف ).

گروپە بەکتاشیەکانی ئەنادۆل و وڵاتی کوردەکان ناسراون بە قزلباش لە سەر بروای بەکتاشین ( ف. عادل کاکەیی ).. قزلباشەکان وا ناسرابوون کە لە شیعە نزیکن بۆیە لە سەر دەستی عوسمانییەکان دووچاری ڕاگویزان و کۆمەڵ کوژی بوون ، قزلباشەکانیان بە هەرەشە داناوە لە سەر دەوڵەتی عوسمانی ( شندروێ لا٢٠). حکومەتی عوسمانی لە سەردەمی سولتان سەلیم و دواتریش ، بەکتاشییەکانیان دابەش کرد ، ئەوانەی لایەنگری حکومەت بوون چالاکییەکانیان ئازاد بوو، قزلباشەکان کە بەکتاشیە بیابانییەکانی ئەنادۆڵ بوون و چووبونە ریزی سەفەوییەکانەوە و یارمەتیدەریان بوون، حکومەت بە دویان دەکەوت و سەرکردە ولایەنگرەکانیانیان دەکوشتن ، واتە جیازییەکانیان تەنها سیاسی بووە، جیا کرانەوە لە کۆمەڵگای عوسمانی و پییان دەوترا قزلباش (ویکیپیدیا ) ، و پییان دەوترا زەندیق، رافزی، شیعی ، کافر ، یاخی بوون ، پاشانیش ناوبانگیان دەرکرد بە عەلەوی ( مەهدی ئیدریس لا٢٦٦). جگە لە لایەنگری سەفەوییەکان جورەها بزوتنەوەو ڕاپەرینیان بەر پا کرد لەوانە ( نور عەلی خەلیفە و جەلال ، لە سەردەمی سولتان سەلیم ،و سوغلون قوجە ، شاوەلی ، بابازەنون ،دموزئۆغلان ،بینجە بیک ،وەلی خەلیفە ، قەلەندەر چەلەبی...تاد لە نیوان سالانی (١٩٢٧ – ١٩٢٩ز ) ( ویکیپیدیا ).

قزلباشەکان بە زازای دەدوێن ، بڕوا وایە ژمارەیان ملیۆنیک بێت ، زۆربەیان لە کوردستانی تورکیا دەژێن لە شارەکانی (سیواس ، دیاربەکر ، خربوت ) قەڵای سروشتیان لە چیاکانی دەرسیمە کە لەوێ ڕابەرەکانیان دەژین ( دانا ئادەم شمیدت لا٢٢١).

قزلباشەکان لە خێڵە تورکمانەکان پیکهاتبوون ، کڵاوی سووریان لە سەرە ، لە ئەنادۆل و

سیواس دەژین ژمارەیان ( ٧٥٠٠٠ ) کەس دەبیت، زمانیان تورکی وفارسییه ( قاموس الاعلام ب٥ لا٣٦٥٨ ).

چەند کتیبیک پیرۆزه لایان لەوانه :- فی المناقب السفویه که له هیندستان چاپ کراوه ، بویروق ، مورشید ، حوسەینییه ...( عەزاوی لا٨٣). قزلباشەکانی ( تازه ، داقوق ، خورماتو ، قەرەتەپه ، تسعین ، بەشیر، لەلان ، نهێنی پاریزن، ڕیبازیکی زەندیقیان هەیه ، لەگەڵ زۆر له مێژوونووسان گفتوکۆم کردووه دەربارەی هاتنی ئەم تورکمانانه هەندێک دەڵین لەگەڵ سەلاجیقەکان هاتوون له ئەنادۆڵەوه ،هەندیکی تر دەڵین نەوەی دیله تورکمانەکانن که کەوتنه دەستی تەیمورلەنگ له ساڵانی ( ١٣٩٢ – ١٤٠٢ز.)، وا پێ دەچیت زۆربەیان له سەر ڕیبازی سەفەوی بن که ناسراوه به بەکتاشییه ( ئەدموندز لا٢٣٩).

**شەبەک**

شەبەکەکان له کوردستانی باشور، شیعه نین، لەسەر بیروباوەری بەکتاشین، ( سعد سەلوم لا٢١٤)، ڕی ورەسمی تایبەتیان هەیه له ڕۆژی هەینی له تەکییەکاندا ئەنجامی دەدەن ( سەلوم لا٢١٣) ،ئاینی شەبەک لەگەڵ ئاینی قزلباش زۆر نزیکن ( شندروی لا١٦١) ، شەبەک لەگەڵ بەکتاشی وقزلباش هەمان بڕوا و ریی ورەسمیان هەیه ، کتیبی پیرۆزیان (بیروق = فەرمایشەکان ) دانەری سەفی دین ئەردەبیلییه ، هەروەها کتیبیکی تریان بەناوی ( کلینک) به زمانی تورکییه که له بۆنه کاندا سۆفییەکان دەیخوێننەوه (سەلوم لا٢١٣) ، له جیاتی نویژ ریی ورەسمی ئایینی له مالی رابەر ئەنجام دەدەن ، زیارەتی مەزاره پیرۆزەکانی خۆیان دەکەن بۆ نەجەف و کەربەلاش دەڕۆن ( شندروی لا١٦٤ ).

**به سەر هات و ئەو تومەتانەی پییان وتراوه**

بەکتاشییەکان و گروپەکانی هاوشیوەیان هەر له سەرەتای سەر هەڵدانیانەوه زۆر به سەرهاتیان هاتوەتەسەر ، کوشتن و بڕین و ڕاگواستنەوه و تاڵان کردن و ویران کردنی مەزارگەو جەمخانەیان و گوشاری جۆر بەجۆر تا دەگاته کۆمەڵ کوژی ، سەرەرای ناو وناتۆر و تومەتی بێ بنەمای جۆراوجۆر پییاندا وتراوه بۆ ناشرین و قیزەوەن بوونیان له نێو کۆمەڵگادا ، هەڵبەته هەمیشه زۆرینەی دەسەڵاتدار ئەم کارو کردەوانەی نابەجییان ئەنجام داوه بەرامبەر کەمینەکان به دریژایی مێژووتا دەگاته سەردەمی هاوچەرخ له دونیای جیهان بووندا، بونیان له هەندێ وڵاتدا ، به ناهەق له گەلیاندا به خراپی و نایاسایی و نا مرۆڤایەتی دەجولینەوه ، چ له رووی مەزهەبی یان له رووی زمان و نەتەوەشەوه بۆیه چونەته ژیر باری نهینیەوه ( فلەکه دین کاکەیی لا١٦٨).

له سەردەمی سولتان مەحمودی دووەمی عوسمانی، بەکتاشییەکان کەوتوونەته ژیر گوشارەوه، تەکییه و مەزارەکانیان داخراوه ، بۆ ئەنجامدانی رێورەسمی ئایینی و داب ونەریت چوونەته ژیر باری نهێنییەوه (تەبەری لا٣٠٠).له ساڵی ١٨٢٦ز.دا ئینکشارییەکان شۆرشیکیان بەر پا کرد که زۆربەی لایەنگرانی له بەکتاشییەکان بوون ، سولتان مەحمودی دووەمی عوسمانی

شۆرشەکەیانی دامرکاندا تەکییەو مەزارەکانی ڕۆخاند و هەندێ لە سەرکردە و موریدەکانیان کوژران ( ف. عادل کاکەیی ). چونکە بەوە تومەت کرابوون کە پشتگیری شۆرشی ئینکشارییەکانیان کردووە ، سەرە رای ڕۆخانی تەکیەکانیان ماڵ وحاڵیانیش تالان کرا و تەکیە گەورەکانیان کران بە مزگەوت و قوتابخانە ، ئەم ڕووداوانە وای کرد قزلباش و بەکتاشییەکان یەک بگرن ( ویکیپیدیا )، بەکتاشییەکان پەیوەندی بە هێزیان هەبوو لەگەڵ ئینکشارییەکان، کە هەر یەکەیەکی ئینکشاری رابەریکی بەکتاشی لەگەڵدا بوو ، واتا بەکتاشی دەسەڵاتی بە سەر سوپای ئینکشاریدا هەبوو ، پاش سەرکوتکردنی شۆرشی ئینکشارییەکان ڕیبازی سوفیگەری قەدەغە کرا تا دەگاتە سەر دەمی ساڵی ١٩٢٥ز. لە تورکیا دا ، بەڵام تا ئیستاش بەکتاشی بوونی هەیە بە تایبەت لە ئەلبانیا کە سەرۆکەکەیان لە تەکییەی تیرانادایە ( ویکپیدیا). سالەح نیازی دواین شیخی بەکتاشیەکان چوو بۆ ئەلبانیا ، لەوێ هەلبژیردرا بە شیخی شیخەکان ( رەد بابا ) لە لایەن دەرویشەکانەوە ، کە لە ساڵی ١٩٤٢ز . تیرور کرا ، کورەکەی عەباس دەدە بوو بە جیگری، ئەویش تیرور کرا لە ساڵی ١٩٤٩ز . پاشان هاتنی بەلشەفی بۆ ئەلبانیا ، بارەگایان گواستەوە بۆ میسر لە قاهیرە ، ئەحمەد سرە بەکتاش (دەدەبابا) شیخی شیخەکانی بەکتاش لە میسر ( ویکپیدیا الموسوعە الحرە ).

پاش دامرکاندنی شۆرشی ئینکشارییەکان لە ساڵی ١٨٢٦ز، بەکتاشییەکان چوونەتە ژیر باری نهێنیەوە ، تومەتی بێ بنەمای جۆراوجۆر یان پیدا وتراوە ، کە ئەمانە عیلمانین و لە شیعە توندڕەوەکانن، لە ڕیوڕەسمەکانیان بە نهێنی و جۆریک بەرەڵلایی دەکەن ، پیاو ژن پێکەوە لە کۆبوونەوەکانداکۆدەبنەوە، بەڵا م خۆیان هەموو ئەو تومەتانە ڕەد دەکەنەوە( داقوقی لا٢٨٧)، ئەو تومەتانە بە هەموو ڕیبازەکان وتراوە گوایە شەویکیان هەیە کۆدەبنەوە ژن و پیاو چرا دەکوژیننەوە و کاری بەرەڵلایی دەکەن ،بەڵام خۆیان ڕەدی دەکەنەوە و نەیاران پییاندا وتووە ( عەزاوی لا١٠٤). بەکتاشییەکان لە سیفات و ڕەوشتیاندا ولە داب ونەریتیاندا و لە ڕیە ئاییینیشەوە ریزی ڕابەرەکانیان( دەدەکان ) یان وەلی (پیرەکانیان )دەگرن ، هەروەها برایەتی هەیە لە نێوان ژن و پیاو ، بۆیە گەندەڵی و سۆزانی لە نێو خێزانی عەلەویەکاندا نییە ( داقوقی لا٢٩٥).

بەکتاشییەکان لە سەردەمی حاج بەکتاش ( ١٢١٠ -١٣٢٠ ز) پەیوەندیەکی باشین هەبوو لەگەڵ یەکەکانی خیلی عوسمانی تا سەرەتای سەدەی ( ١٦ز.) ، کە ئەو پەیوەندییە بەرەو لاواز بوونچوو ، پاش ئەوەی بەکتاشییە ( تورکمانە قزلباشەکان ) خۆیان دایە پاڵ سەفەوییەکان لە سەردەمی ئیسماعیل سەفەوی ( ١٥٠١ ــ ١٥٢٤ز) دژ بە سولتانی عوسمانی ( ویکپیدیا).

سولتان بایەزیدی دووەم ( ١٤٨١ ــ ١٥٢١ز) و سولتان سەلیمی یەکەم ( ١٥١٢ -١٥٢٠ز) تومەتی ئەوەیان بە بەکتاشییەکان کردووە کە لایەنگری سەفەوییەکانن بۆیە لە ساڵانی ( ١٥١١ ــ ١٥١٣ز) پاش کوشتاریکی زۆری بەکتاشییەکان کەوتنە ژیر باری نهێنییەوە ( داقوقە لا٢٨٧).تەنانەت لە تورکیای عوسمانی نوێش کەوتنە ڕوو بە ڕووبوونەوەی کۆمەڵ کۆژی ( داقوقی لا٢٩٥). لە پاش ١٨٢٦ز.دا هەموو جەمخانەکان و مەزارەکانیان داخرا و کەوتنە بەر شاڵاوی دونان وماڵ چۆل کردن کە پاشان دەست بە سەریاندا گیرا و کرایە تەکییەی

نەقشبەندی ( داقوقی لا ٣١٠)، لەو کوشتارەدا بە پێی فتوای پیشەوایان زیاتر لە چل هەزار کەس کوژران لە منالّی حەوت سالّییەوە تا تەمەنی چل سالّان ، ژن و کچەکانیان بوون بە کەنیزە ، کورەکانیش بە سەر سوپادا دابەش کران ،بە شیکی زۆریش بۆ وڵاتانی ئەوروپای داگیر کراو دوور خرانەوە ( وریا بداغی لا٢٨)مەبەستیش لەم کۆمەڵ کوژییە نەهێشتنی لایەنگرانی



شاه ئیشماعیل سەفەوی بوو  و نەهیشتنی شیعەگەرایی لە ئەنادۆڵ و وڵاتی عوسمانیدا ( وریا بداغی لا٤٦)، سولتان سەلیم کە شەری چالدیرانی ئەنجام دا لە گەل ئیسماعیل سەفەوی لە ساڵی ١٥١٤زدا پاشان کەوتنە دابەشکردنی کوردستان بە پێی ڕیککەوتنی ئەماسیا تەنها کوردستانی ڕۆژهەڵات لە ژیر دەسەڵاتی سەفەوییەکان بوو، واتە جگە لە ڕۆژ هەڵاتی کوردستان ، هەموو کەوتە ژیر دەسەڵاتی عوسمانییەکان ، پاش ریککەوتنامەی نێوان سەفەوی و عوسمانی لە ٢٩ مایس ساڵی ١٥٥٥ز .لە ئەماسیا لە دوای شەری چالدیرانی ساڵی ١٥١٤ز . کە ماوەی ئاشتی بوو، خدر پاشا کە یەکیک بوو لە وەزیرەکانی دەولەتی عوسمانی ، فەرمانی دا  ( پیر سولتان ئەبدال – قوجە حەیدەر ) ئیعدام بکریت لە شاری سیواس ، کە یەکیک بوو لە شاعیرە گەورەکانیان ، چەنکە لایەنگری سەفەوییەکان بوو و بەشداری لە راپەرینی زونون و قەلەندەر چەلەبی کردبوو ، ئەمە بوە هۆی تورەبوونی قزلباشەکان لە ئەنادۆڵ ، پاشان چوونە ژیر باری نهینییەوە ( ویکپیدیا ). عەلەوییەکان بەگشتی کەوتنە ژیر رەحمەتی دەسەڵاتدارانی عوسمانی، هەرچەندە لە ژیر باری نهێنی بوون، بەڵام زوڵم زۆر و گوشاریان پەرە پێ دابە هاندانی ئەو هێزانەی چوبوونە ریزی سوپای عوسمانیەکانەوە، یان ئەو سەروک خێڵ و عەشیرەتانەی بە پلانی عوسمانییەکان گوشار و کوشتاریان لێ دەکردن ، واتە زیاتر بارو دۆخی ژیانیان ئاڵوزتر بوو ، لە سەردەمی سولتان عبد الحمیدی دووەمی عوسمانی ( ١٩٠٨ز) جاریکی تر بەکتاشییەکان چالاکیان بوژایەوە و تەکیەکانیان دامەزرایەوە، بەشداریان کرد خۆ بەخشانە لە جەنگی جیهانی یەکەم لە ساڵی ١٩١٤ز . و کەمال ئەتاتورک کە خۆی بەکتاشی بوو، داوای لە بەکتاشییەکان کرد لە جەنگی رزگاری ساڵی( ١٩١٨ – ١٩٢٣ز ( دا یارمەتیدەری بن، یارمەتیا دا تا پاش جەنگ چونکە رقیان لە سولتانی عەسمانییەکان بوو.( ویکپیدیا ).

لە سەردەمی وڵاتی تورکیا پاش جەنگی جیهانی یەکەم ، و دوای دامرکاندنی یەک لە دوای یەکی ڕاپەرینەکانی باکوری کوردستان و بەردەوامی سیاسەتی رەگەز پەرستی کەمال ئەتاتورک  لە تواندنەوەی کورد و ڕاگویزانی بۆ ئەنادۆڵ،بە پیی یاسای ژمارە ٢٥١٠ لە ساڵی ١٩٣٤ز . و توانەوەی نەتەوەکانی غەیرە تورک لە نێو کۆمەڵگای تورکدا ( وریا بداغی لا٢٨) ، کوردە زازاکانی دەرسیم کە زازای عەلەوین  لە دژی ئەم سیاسەتە وەستانەوە و ڕاپەرینیکی گەورەیان بە سەرکردایەتی سەید رەزای دەرسیمی لە ساڵی ١٩٣٧ز.دا بەرپا کرد .(شندروێ لا٢٧)، پاش لە ناوبردنی سەید رەزا و هەڤاڵانی ، بە فێڵ کەوتنە ویزەی عەلەوییەکان ، گوندەکان سوتینران و ویران کران ، خەڵکێکی زۆر سفیل کوژران ، دانیشتوانی گوندەکان دوور خرانەوە بۆ ناوچە وشکانییەکانی ئەنادۆڵ کە زۆربەیان لە نەبوونی و برسیەتی گیانیان لە دەست دا ( شندروێ لا٢٩)، زوریشیان دەستگیر کران و حوکمی نابەجییان بە سەردا دەسەپینرا، زمانی کوردی قەدەغەکرا لە هەموو کورد نەک تەنها عەلەوییەکان ، ڕۆشنبیران تیرۆر کران یان لە سێدارە دەدران یان دوور دەخرانەوە ، وای لێ هاتبوو دەرسیم لای عوسمانییەکان و لای دەسەڵاتدارانی تورکیای نوێ وەک هەریمیکی دوژمن سەیر دەکرا و بە جێگەی هەرەشە بووە بۆ تورکیا ( شندروێ لا٢١) ، ئەو ئایدۆلوجیای ڕەگەز پەرستی کەمالی تا ئەمرۆش لە تورکیادا بەردەوامی هەیە ( شندروێ لا٣٠)، هەروەها لە ساڵی ١٩٧٦ز. لە کوردستانی باکور لە شاری مەرعش  لە نێوان موسلمان و عەلەوییەکان  شەر رووی دا زیاتر

له ( ١٠٠کەس) کوژرا ( میران لا٨٣).

عەلەوییەکانی تورکیا بەگشتی و لە نێوانیادا بەکتاشییەکان کەوتوونەتە جموجۆڵ و سەریان هەڵداوە لە چەندین سازکردنی دەزگای گەورەدا خۆیان ڕێکخستووە و داواکارییەکانیان بە گوێی دونیادا دەدەن، کە داخوازی سەرەکیان وەک خۆیان هەن قبوڵ بکرین و مافی هاووڵاتیان هەبێ بۆ ئازادی ڕیوڕەسم و پەرستن و کولتووریان بپارێزرێت و مەزارو تەکیەکانیان بکرێتەوە و نەوژەن بکرێت( فلەکدین کاکەیی لا١٦٧) ، زۆر لەو داخوازیانە لە ( ٢١ئادار ی ساڵی ١٩٨٩زدا) لە یەکەمین بەیاننامەی عەلەوی تورکیا ڕاگەیەنرا پاشان لە ( ٣٠ ی مانگی ١٠ ی ساڵی ١٩٩٤زدا )لە لایەن مەزنترین و باڵا ترین فیدراسیۆنی شاندی عەلەوی – بەکتاشی ریکخراوەتەوە ( فەلەکە دین کاکەیی لا١٧٦) .

داخوازی نوێی عەلەوییەکان کە لە لایەن کۆمەڵە و فیدراسیونە باڵاکانی عەلەوی بەکتاشی هاتوونەتە سەر زمان وەکو لە خودی ڕۆژنامە و میدیاکانی تورکیادا بڵاو بووتەوە، ریزلێنانە لە بیرەوەری سەدان ڕۆشنبیرو هونەرمەندی عەلەوی کە لەئۆتێلی (مادماک) لە شاری ( سیواس) لە ساڵی ١٩٩٣زدا کۆبوونەوە ، ئاگر لە ئۆتێلەکە بەردرا بوو ( ٣٧ کەس) بوونە قوربانی، ( فەلەکەدین کاکەیی لا١٧٤)، هەروەها کۆمەڵێک ڕۆشنبیریان ساڵی ١٩٩٥ز. لە گەرەکی ( غازی عوسمان پاشا) کوژران و لە ئەنقەرە و شارەکانی دیکەش کەسانێک کەوتنە بەر تیرۆر و راونان ( هەمان سەرچاوە لا١٧٦).( ڕۆژنامەی خەبات لا٣١ ژ. ٣٠٣٦). ئێستا عەلەوییەکان دەیانەوی ئۆتێلی ( مادماک) لە سیواس بە یادی قوربانیانی کارەساتی ساڵی ١٩٩٣ز بکرێت بە مۆزەخانە ساڵانە یادی بکەنەوە ( هەمان سەرچاوە ) لە بەر ئەو هەموو ڕۆداوانەی کۆن و نوێ، داخوازییەکانی عەلەوییەکان ، ئەوروپا کێشەی عەلەوییەکان وەک هی کورد لە پیش تورکیادا بە مەرج داناوە بۆ وەرگرتن لە ئەندامێتی کۆنسەی یەکیتیەکەدا (هەمان سەرچاوە لا١٧٧).

زۆر تومەتی نا بە جێیان داوەتە پاڵ ڕێباز و ئاینی گروپە عەلەوییەکان وهی تریش کە زۆر دوورن لە ڕاستییەوە ، تەنها لە بەر ئەوەی جیاوازیان هەیە لە زۆرینەی کۆمەڵگا کە سەر بە ئاینیکن و خۆیان بە ڕاستتر دەزانن لە هەموو یان قبوڵیان ناکەن ، واتە بەم کردەوەو بۆچوونانە روحی پێکەوە ژیانیان نییە ، دەیانەوی کەمینەکان نەهێڵن یان بتوینەوە لە نێو خۆیاندا ، لەو تومەتانەی دراوەتە پاڵیان :-

گوشتی بەراز و کەروێشک و هەندیکیان ماسی ناخۆن ، بەڵام مرداریان حەلاڵ کردووە ( میران لا٢١٧)، زۆربەی ژن هێنان بە ( رەدوو ) هەڵگرتن یان بە دووکەوتن دەبێ، ژن هەڵگرتن لایان کاریکی جوامێرانەیە، ئەمەیان لە ڕاستییەوە دوورە ( میران لا٢١٦)، ئاساییە ئەگەر ژن و پیاوی عەلەوی پەیوەندی دڵداری و سیکسی تریشیان هەبیت، یان ئافرەتی عەلەوی جگە لە مێردەکەی، دڵدایکشی هەبێت ، ئەگەر نەبێ بە کەمی دەزانن ( هەمان سەرچاوە ) بە گویرەی هەندێ سەرچاوە، خەڵکی مەسلمان بە عەلەوییەکان دەڵین ( پیسلمان) ( میران لا٢٠٤)، یان بە گوێرەی ( ڤان بریستون ) بە عەلەوییەکان دەڵین ( زەندیق) ( میران

لا ٢٠٥).

دەگێرنەوە گوایە هەندیک گوندی قزلباش لە ناوچەی قارس کەوتوونەتە ژێر دەسەڵاتی روسیا ، بفەرمانبەرە روسەکانیان وتووە کە بە ناوی ( یارم کریستیان = نیو دیان ) ناو نووسیان بکەن ( میران لا٢٠٩) ،هەروەها لە لایەکی تریشەوە عەلەوی وەک ئەهلی هەق، بەکتاش دامەزرینەزی ڕێبازی بەکتاشی بە تەجسیدیکی خودایی دادەنین، بە مردنی حاج بەکتاش دونیا بە بێ خودا مایەوە ( میران لا٢٠٩)، بە گویرەی وتەکانی میران کە دەڵیت (دەڵین یان دەگێرنەوە یان هەر وتەیەکە تر وتوویانە یان ئاڵین )جێی بڕوا نییە و متمانەی پێ ناکرێت ، چونکە زیاتر ئەو قسە نابە جێیانە لە نەیارانەوەبە کار هاتووە، کە دووراو دوور پییاندا هەڵواسیوە ، بێ ئەوەی هەقیقەتیان بزانن دەربارەی بیرو باوەڕ و ڕیوڕەسمیان، چونکە ئەوان نهێنی پاریزن و بە هیچ شیوەیەک نهێنی خۆیان بۆ بیگانە نادرکێنن.

هەندی تومەتی تر وتراوە کە دەڵین حەیوان سەر نابرن، لە ڕی لادەرن، لە بەر ئەوە خوادنی عەلەوییەکان ناخۆن (شنروێ لا٣١)، هەندێ جار پییان وتراوە پشتگیری عیلمانییەت دەکەن ( هەمان سەرچاوە ) یان وەک ئەوەی وتراە لە جەژنەکانیان شەوی تایبەت ژن وپیاو تێکەڵ دەبن و کاری نابەجێ دەکەن یان پیسن خۆیان ناشۆن.

**دەرئەنجام**

ئەو شۆرش و بزوتنەوانەی سەریان هەڵداوە پاش هلتنی سوپای عەرەب و ئیسلام بۆ ناوچەکان ، هەمووی بۆ نواندن و زیندوکردنەوەی کولتووری دێرینن لە پیش هاتنی سوپای عەرەب و ئیسلام. ریبازەکانی وڵاتی عوسمانی لە رووی کولتووریەوە سیماو رەگەزی کۆنی تورکیان پاراستووە وەک ( شامانی ) کە بەر لە ئیسلام هەبوون ، هەر وەک لە ناو کوردا شێوەی هەندی رەگەزی میترایی و زەردەشتی و مانی و مەزدەکی لە ناو خۆدا پڕ کردووتەوە. هەرچەندە توشی گیروگرفتی قورس و زۆر بوونە بە دریژایی مێژوو ، بەڵام لە سەرەتای هەزارەی سێیەم توانیان هەندێ ئازادی مافە ڕەواکانیان بەدی بهێنن ، بە تایبەت لە وڵاتِی تورکیادا ، لە بە دیهێنانی ڕیوڕەسم و داب و نەریت و کردنەوەی مەزارگەو تەکییەکانیان.

**سەرچاوەکان**

١- محەمەد عەلی سولتانی، بزوتنەوەی عەلەوییەکانی زاگرۆس ، ب١ ، ٢٠١١ز . ،چ. ئاراس ، هەولێر
٢- ئەسرادۆغان، ولایەتنامە ، ٢٠١١ز، چ. ئاراس ، هەولێر .
٣- ئیبراهیم داقوقە، العلویون ، ٢٠١٠ز. چ. ئاراس ، هەولێر .
٤- عەباس عەزاوی، الکاکائیە فی التاریخ ، ١٩٤٩ز. چ. زانکۆی موسل .
٥- ف .ئیڤانۆف، و, ئاسۆ کەریم ، پەیرەوانی ڕاستی ئەهلی هەق ، ٢٠٠٣ز . ،چ١، چ. و, ڕۆشنبیری ، هەولێر .
٦- د. فۆاد بوزگرت، فەرمان یان فەرمایشان ، ت. مریەم سولتانی ، ٢٠١١ز. چ. ئاراس

، هەولێر .
-٧ ئارش ئەمجەدی، بویروق( کتێبی پیرۆزی شەبەک ) ، چ١، ٢٠١١ز . ، چ. ئاراس ، هەولێر.
-٨ بویروق ( فەرمان ) ، ت. مریەم سەلتانی ، چ١ ، ٢٠١١ز. چ.ئاراس . هەولێر .
-٩ سەعد سەلوم ، الاقلیات فی العراق ، ٢٠١٢ز . دار الرافدین ،لبنان .
-١٠ س. ج . ئەدمونذز ، کورد تورک عرب ، ت . جرجیس فتح الله ، ١٩٧١ز. ، کتاب التاخی .
-١١ د. جەمال نەبەز ، فەلسەفە و ڕامانی یارسان ، ٢٠٠٩ز. ، چ. مناره ، هەولێر .
-١٢ ئۆشۆ ، تانترا ، و. سیدو داود عەلی ،چ١ ، ٢٠١٠ز. ، سلیمانی .
-١٣ محەمەد سلیمان عەباس ، مرۆڤ و زەمەن ، ٢٠١٣ز. چ. موکریان ، هەولێر .
-١٤ فەلەکەدین کاکەیی ، کۆبەرهەم ، ٢٠١٥ز. ،چ. موکریان ، هەولێر .
-١٥ د. ڕەشاد میران ، ڕەوشی ئاینی و نەتەوەیی لە کوردستان ، چ٢. ١٩٩٣ز. ،چ. و, پەروەردە ، هەولێر .
-١٦ د. ڕەشاد میران ، چەند بابەتێکی ئەتنوکۆمەڵایەتی ، چ١ ، ٢٠١٠ز، چ. خانی ، دهوک.
-١٧ ئەیوب ڕۆستەم ، یارسان ، چ٢ ، ٢٠٠٦ز. ، مەڵبەندی ڕۆشنبیری هەورامان .
-١٨ دانا ئادەم شمیدت ، ت. جەرجیس فەتح الله ، رحله الی رجال شجعان فی کوردستان ، ١٩٦٤ز .، لبنان .
-١٩ محەمەد عبد الحمید ، رسائل اخوان السفا والتوحید العلوی ، ١٩٩٨ز. ، رقه سوریا .
-٢٠ التبری ، معجم البلدان ، ب٩، ١٩٦٧ز. م. دار المعارف ، میسر .
-٢١ عەباس العزاوی ، تاریخ العراق بین احتلالین ، ج٢ ،١٩٣٦ز. موسل .
-٢٢ تەیب تاهری ، تاریخ و فەلسەفەی سەرئەنجام ، ٢٠٠٩ز، چ. ڕۆژهەڵات ، هەولێر .
-٢٣ مەنوچەهر پارادوست، جەنگی چالدیران ، و, وریا بداغی ، ب١ ، ٢٠١٤ ز، چ. موکریان ، هەولێر
-٢٤ قاموس الاعلام ، شمس الدین سامی ، ( م . ٢، ٥) تورکی .
-٢٥ داره المعارف الاسلامیه ،ب٤،
-٢٦ یاسین سابر سالەح ، ئینسکلوپیدیای گشتی ، ٢٠٠٥ز. ،سلیمانی .
-٢٧ گۆڤاری کۆری زانیاری عیراق ، دەستەی کوردی ،ب٢، ١٩٨٣ز. ،بەغدا .
-٢٨ ڕۆژنامەی خەبات ، ژ.٢٠٢١ ، لا ٣ ، ساڵی ٢٠٠٦ز.
-٢٩ گۆڤاری ڕۆشنبیری ، ژ٤ ، ئینستیۆتی کۆمەڵی یارسان ، ٢٠٢١ز. ، ستوکهوڵم ، سوید .
-٣٠ ویکپیدیا .
-٣١ ڕەسیف ٢٢.
-٣٢ فەیسبوک ، عادل کاکەیی .
-٣٣ ڕاپۆرتی ماموستا عەلی یوسف کاکەیی ، سەردانی کردنی بۆ ناو بەکتاشییەکان لە تورکیا .
-٣٤ مجله اهل البیت (ع) العدد ١٩، جامعه اهل البیت ، الباحپ مەهدی ادریس ، (ئینتەرنیت)